گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/bvnrd817

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 13/10/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 23/12/2025
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 20/06/2026

# وێناکردنی ڕۆڵی ژنانی هەخامەنشی پشتبەست بە وێنە هەڵکۆڵراوەکانی سەر مۆرەکان

**شاڵاو مصطفى عبدالرحمن**[١] - **عماد عبدالقادر محمد سعيد** [٢]

Shalaw.mustafa@uor.edu.krd Imadabda@uor.edu.krd

[١+٢] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

شارستانیەت و بەرهەمە هونەرییەکانی سەردەمی دەوڵەتی هەخامەنشی دەتوانرێت وەك یەکێك لە گەورە و فراوانەکانی شارستانیەتیەکانی جیهانی دێرین بەگشتی و مێژوی ئێرانی کۆن بەتایبەتی لێیبڕوانرێت، کۆی بەرهەمە هونەری و کارگێڕییەکانی ناو شارستانیەتیەکەش دەتوانین لەو پێواژۆیە کارگێڕییە فراوانە و ئەو بەرهەمە هونەریانەی وەك داتاشین و هەڵکۆڵکاری و ڕێنوس و بیناسازی زانستییە جۆربەجۆرانەدا پوخت بکەینەوە، کە ئەم شارستانیەتیە خاوەنداریەتی کردون.

هەرچەندە هەڵکۆڵکاری هونەری قەدپاڵی دیواری کۆشکەکان و هەڵکۆڵینی گۆڕستان لە دەرونی چیاکان و پەیکەرتاشی سیمایەکی دیاری هونەری هەخامەنشی بوە، بەڵام نەبونی وێنە و داتاشراوەی ژنان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر دیواری کۆشکەکانی شار و شوێنەوارە مەزنەکانی وەك تەختی جەمشید و پاسارگاد و شوش و نەبونی پەیکەری ژنان لە هیچ کام لەم شوێنانە بۆشایەکی هونەری خستۆتە ناو شارستانیەتی هەخامەنشییەوە.

بەڵام مۆرە هونەرییەکانی ناو ئەم شارستانیەتییە کە بە یەکێك لە ئامرازە هەرە گرنگەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن دادەنرێت لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی، تاڕادەیەك توانیویانە بۆشایی نەبونی زانیاری سەبارەت بە ژنانی هەخامەنشی پڕبکەنەوە لە چەندین مۆر کە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەم شارستانیەتییە بەشێکی زۆریان لەناو تەختی جەمشید و بەشەکەی تریشیان لە هەرێمەکانیتری سەر بە دەوڵەتی هەخامەنشی دۆزراونەتەوە وێنەی جۆراوجۆری ژنانیان لە کات و شوێنی جیاواز لەسەر هەڵکەندراوە، کە دەتوانین لە ڕێگەی ئەم وێنانەوە تاڕادەیەکی باش لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی ئابوری ژنانی ناو ئەم شارستانیەتیە تێبگەین.

**کلیلە وشە:** ژن، هەخامەنشی، مۆر، هونەر، هەڵکۆڵین.

# Interpreting the Achaemenid Women's Multifaceted Roles Through Seal Engravings

The civilization and works of art of the growing state of Kurdistan is generally considered as the most majestic and impressive ancient civilizations in the world, specifically in the history of ancient Persian. We can summarize the whole range of administrative activities and artistic works that this civilization possessed, including sculpture, carving, writing, and architecture, within its administrative system.
Although the artistic engravings on the walls of palaces, the engravings of graves within mountains, and the art of sculpture are among the prominent features of the Achaemenid state, however, the absence of direct depiction of women's imagery in any of these places, including the palace walls, Jamshid state, Pasargadae, Shush, has unfortunately left a big artistic gap in the Achaemenid state.
However, the artistic seals within that civilization, which are considered one of the important tools of administrative management within the Achaemenid State, have been able to fill that gap to some good extent, which has become a subject of question by researchers. In several seals whose history dates back to this state, some of which were discovered in the region of Jamshid and others in different regions of Achaemenid, various images of women in different times and places were engraved. From these images, we can gain a comprehensive understanding of women's social, political, and religious roles in the Achaemenid state.
Keywords: Achaemenid, Women, Art, Seal, Engrave

## پێشەكی:

ڕۆڵی ژن هەمیشە و لە كۆنەوە لەناو هەمو شارستانیەتیە دێرینەكاندا جێگەی سەرنج بوە، ئاماژەیەك كە دەریدەخات لەسەرەتای كۆمەڵگە بەراییەكانەوە ژنان ڕۆڵ و بەها و بایەخی تایبەتیان هەبوبێ بریتییە لە دەركەوتنیان لەناو هەمو ئەفسانە و هێما هونەرییە دێرینەكان، لەهەمانكاتدا لە سەردەمی دایك سالاریدا ژنان وەك توخمێكی پیرۆز لێیان ڕوانراوە و بەسەرنجدان لە سەرچاوە مێژوییەكان وا پێدەچێت لەسەرەتای دەركەوتنی مرۆڤ لە كۆمەڵگە بەراییەكاندا تا هەزارەی سێیەمی پێش زاین سەردەمی شكۆمەندی ژنان بوبێ، لەم قۆناغەدا سیستەمی كۆمەڵایەتی سیستەمی دایك سالاری بوە، هەر ئەمەش هۆكار بوە تا بەشێك لە شوێنەوارە دێرینەكان ڕەنگدانەوەی پیرۆزی ژنانیان لەسەر ببینرێت بەتایبەت لەناو تابلۆ هونەرییەكانیاندا.

سەبارەت بە شارستانیەتی دەوڵەتی هەخامەنشی لە نێوان شارستانیەتیە دێرینەكانی ئێرانی كۆن هونەری هەخامەنشی بە یەكێك شارستانیەتیە دەوڵەمەندەكان دەژمێردرێت لە بواری هونەری، هونەری ئەم شارستانیەتیە لەسەر بنەمای دەسەڵات و بە گەورە نیشاندان و ڕێزداری و بەهێزی پاشایان بونیاتنراوە، بیناسازی و هەڵكۆڵینە هونەرییەكانی قەدپاڵی

دیواره بەردینەکانیان گرنگیەکی بێ وێنەیان هەیە، ئەم هونەرە نیشانەی بەهێزی دەسەڵاتی سیاسی شارستانیەتیەکەیە، ئەوەی گرنگە و جێی ئاماژەیە لە ڕێگەی هونەری هەخامەنشی ئاشنادەبین بە هونەری بەشێکی زۆر لەگەلانی ژێر قەڵەمڕەوی هەخامەنشیەکان، پەیکەرتاشی و دارتاشی و زێڕنگری لە دواتریش هونەری هەڵکۆڵکاری وردی وەك مۆرەکان دیوێکی هەرە گرنگی هونەری ئەم شارستانیەتیەن.

شوێنەوارێکی زۆری هونەری لە پاش هەخامەنشیەکانەوە جێماوە، ئەم پاشماوە هونەریانە خۆی لە کۆشکی گەورەی لەبەرد دروستکراو و گۆڕستانی هونەری سەرنجڕاکێش هەروەها بابەتی جوانکاری و قاپ و قاچاغ دەبینێتەوە، کە هەمویان دەرخەری شکۆمەندی و هونەری باڵای ئەو شارستانیەتەن.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە وێنەی ژنان لەسەر ئەو پاشماوە جێماوانەی ناو کۆشك و سەر دیوارەکان زۆر بەکەمی دەبینرێت، ئەمەش پرسیارگەلێکی سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی ژنانی هەخامەنشی و هۆکاری هەڵنەکەندن و داتاشینی وێنەی ژنان بۆ توێژەران دروستکردبو، بەڵام لەدوای گەڕانە شوێنەوارییەکان لە لە کۆشکی پاشایانی هەخامەنشی و پایەتختەکانی ئەم دەوڵەتەو شار و هەرێمەکانی سەر بە قەڵەمڕەوی هەخامەنشی کۆمەڵێ وێنە و تاشراوە و پەیکەری بچوکی ژنانی هەخامەنشی دۆزرانەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم چەند وێنە کەمەی ژنان بەبەراورد بەو شارستانیەتیە فراوان و گەورەی هەخامەنشیەکان و ئەو هەمو کەلوپەلە گەورە و گرنگە هونەریانەی لە دوایان جێماوە ناتوانرێت بەراوردبکرێت بەو چەند پارچە شوێنەوارە بچوکەی وێنای ژنانی ناو دەوڵەتەکە دەکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم کەلوپەلە وردە هونەریانەش بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە دەتوانین بە هاوپێچکردنیان لەگەڵ ئەو دەقە مێخیانەی ناو تەختی جەمشید کە باس لە ژنان دەکەن، تاڕادەیەکی باش لە ڕۆڵ و پێگەی هەمەلایەنەی ژنانی هەخامەنشی تێبگەین.

جێگەی ئاماژەپێدانە مۆرەکان دیارترینی ئەو پاشماوە هونەریانەن، کە ژنانی هەخامەنشیان لەسەر نەخشێنراوە هەر بۆیەشە وێنەی ژنانی سەر مۆرەکامان کردۆتە شاباسی توێژینەوەکە.

**ئـامـانج و گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگترین ئـامـانجی ئەم توێژینەوەیە خســـتنەڕوی ڕۆڵ و پێگەی هەمەلایەنەی ژنـانە لەسـەردەمی دەوڵەتی هەخامەنشیە بەپشت بەست بە کۆمەڵێ وێنەی هەڵکۆڵراو و هونەری سـەر مۆرەکان، هەوڵدراوە هەریەك لەو وێنانە خوێندنەوە شـیکاری تەواویان بۆ بکرێت، ئەم خوێندنەوە لەسـەر بنەمای تێروانینی پسـپۆڕانی بواری مێژو شـــوێنەوار خســـتۆتەڕو، لەم ڕوانگەیەوە توانراوە تاڕادەیەکی باش وێنای ژنانی ناو کۆشـــك و دەرەوەی کۆشـــك لەڕێگەی وێنە جێماوەکانەوە وەك ئەوەی کە هەبوە بخەینەڕو.

## پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

1.بۆچی بەو ڕێژە زۆرە وێنەی پاشایان و سەربازانی هەخامەنشی لەسەر قەدپاڵی دیوار و کۆشکەکانی هەخامەنشی هەڵکەندراوە؟

2.بۆچی وێنەی هیچ ژنێك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر دیوار و کۆشکی پاشایانی هەخامەنشی نەکێشراوە؟

4.ئایا کەمی وێنە و هەڵکۆڵینی ژن لەسەر کەلوپەلە هونەرییەکانی هەخامەنشی بەمانای کەمی ڕۆڵی ژنانە لەناو کۆمەڵگەی هەخامەنشی؟

4.ئەو بەرهەمە هونەرییە وردانەی وێنەی ژنانیان لەسەر هەڵکۆڵراوە لە چی دروستکراون؟

5. بۆچی زۆرترین وێنەی ژنانی هەخامەنشی لەسەر مۆرەکان هەڵکەندراوە؟ ئەو وێنانە زیاتر گوزارشت لەچی دەکەن؟

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەبەرئەوەی لەم توێژینەوەیەدا زیاتر تیشك خراوەتە سەر وێناکردنی ڕۆڵی ژنان بەپێی هەڵکۆڵراوەکانی سەر مۆرەکان، بۆیە وەك پێویستییەکی توێژینەوەکە هەردو میتۆدی شیکاری و مێژوی بەکارهێنراوە لەم نێوەندەشدا بەپێی توانا و زیاتر سەرنج لەسەر شیکردنەوەو ڕانانی چەندین توێژەری پسپۆر بە بواری شوێنەوار و مێژو هاوپێچکراوە لەگەڵ وێنەکان، هاوکات

خوێندنەوەی نوسەرانی ئەو توێژینەوەیە بۆ وێنەکان خراوەتە پاڵ سەرنج و خوێندنەوەی مێژونوسان و شوێنەوارناسان وەك پێویستیەکی توێژینەوەکە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پوختە و پێشەکی و پرسیار و میتۆد و ئەنجامی توێژینەوەکەمان و لیستی سەرچاوەکان، لە دو بەشی سەرەکی پێکدێت لە بەشی یەکەم کە تایبەتە بەو مۆرە لولەییانەی سەردەمی دەوڵەتی هەخامەنشی کە وێنەی ژنانی لەسەر نەخشێنراوە بەپێی توانا هەوڵدراوە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ورد بۆ وێنە هەڵکۆڵراوەکان بکرێت، لە بەشی دوەمدا کە تایبەتە بە مۆرە تەختەکان بەهەمان شێوەی بەشی یەکەم هەوڵدراوە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ وێنەی ئەو ژنانە بکرێت کە لەڕوی مۆرەکان نەخشێنراون.

## باسی یەکەم: وێنەی ژنانی هەخامەنشی لەسەر هەڵکۆڵراوە هونەرییەکانی

لەناو شارستایەتییەکانی ئێرانی کۆندا ڕۆڵی ژن لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی(550-331پ.ز) زیاتر بو بەبەراورد بە شارستانیەتییەکانی پێشخۆی و هاوسەردەمی خۆی وەك ئاشورییەکان (2025-609پ.ز) و یۆنان و میسڕی کۆن، لە پلەبەندی کۆمەڵایەتی ژنان پێگەیەکی باڵایان پێدرابو، بەپێی نوسراوی سەر تابلێتە گڵێنەکانی تەختی جەمشید[1] ژنان شانبەشانی پیاوان کاریانکردوە بەشداربون لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا دەوڵەتییەکان و پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتییان هەبوە و نزیکبون لە هەمان ئاستی پیاوان لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێڕوانینی گەلانی هیندۆ-ئاریایی بۆ ژن جیاواز بوە لە تێڕوانینی ئاشوری و بابلی (1894-539پ.ز) و یۆنانییە کۆنەکان بۆ هەمان ڕەگەز.

پاشماوە هونەرییەکانی هەخامەنشیان دەریدەخات ئەم شارستانیەتییە یەکێکە لە شارستانیەتییە دەوڵەمەندەکانی جیهانی دێرین، لە پاشماوە هونەرییەکانیاندا پاشماوەی دەگمەن و هونەری باڵا دەبینرێت (پیرنیا، 1389،ج2، 1366).

ئەوەی پەیوەستە بە ژنان لەناو ئەم شارستانیەتییە، لەگەڵ ئەوەی پاشماوە هونەرییەکانی ئەم دەوڵەتە بە یەکێك لە گرنگترین شوێنەوارە مێژوییەکانی جیهانی دێرین دادەنرێن، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لە تابلۆ و وێنەی داتاشراو ی سەبارەت بەژن لە کۆی شوێنەوارە هونەرییەکان بەرچاودەکەوێت، هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتی هەخامەنشی لەسەر بنەمای جەنگ و دەسەڵاتخوازی و فراوانخوازی بەردەوام دامەزرابو هەر بۆیەشە پاشماوە هونەرییەکان و هەڵکۆڵینە هونەرییەکانیان لە تەختی جەمشید کە بە یەکێك لە سیمبولە هونەرییەکانی دەوڵەتی هەخامەنشییە ژن تیایدا فەرامۆشکراوە و هەڵکۆڵراوە هونەرییەکانی ئەم شوێنەوارە بەگشتی گوزارشتن لە دەسەڵاتی سیاسی زاڵبونی پاشایانی هەخامەنشی بەسەر گەلانی ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەیان (اولی، 1388، 80).

لە هەمانکاتدا توێژەرێکیتر پێیوایە کێشان و هەڵکۆڵینی وێنەی ژنانی ئێرانی سەردەمی هەخامەنشی خواستی لەسەر بوەو وێنەی ژنان کێشراوە، بەڵام پێدەچێت ئەوکانزا وکەرەستە خاوانەی پەیکەر و وێنەی ژنانی لێ داتاشراوە ماددەی سەرەتای و کورتخایەن بون هەر زو توشی داخوران و شیبونەوە بوبن، یاخود کانزای زۆر بەنرخبون لە ڕەگەزی زێڕ و زیو بەردی بەنرخ لە حاڵەتێکی وەهاشدا دەکرێ دزرابن و تاڵانکرابن (بروسیوس، 1392، 115)، هەروەك چۆن (هێرۆدۆت) مێژونوسی یۆنانی ئاماژە بەوە دەکات کە داریوشی مەزن (522-486پ.ز)[2] فرمانی دەرکردوە یەك پەیکەری[3] لە ئاڵتون دروستکراو بۆ (ئارتیستونە)[4]ی هاوسەر دروستبکرێت ناوبراو یەکێك بوە لە هەرە هاوسەرە خۆشەویستەکانی داریوش و دوای مردنیشی ماتەمینی گشتی لە وڵاتدا بۆ ڕاگەیاندوە (Herodutes,7,69).

لەڕاستیدا دەکرێت ئەم بۆچونە زیادەڕەوی تێداکرابێ، چونکە دەکرێ دۆزینەوەی ئەو شوێنەوارانەی نەخش و نیگاری ژنانی لەسەر کێشرابێ دواکەوتن لە دۆزینەوەیاندا هەبێت، چونکە بەپێی دەقە مێخییەکانی تەختی جەمشید ژنان

پێکهاتەیەکی کارای چالاکییە جۆربەجۆرەکان بون ئاماژە بەهیچ بەربەستێك نەکراوە هیچ یاسایەك نییە سەبارەت بە قەدەغەکردنی داتاشینی وێنەی ژنان لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی.
ئەوەی تا ئێستا کەوتۆتە دەستی شوێنەوارناسان و توێژەران سەبارەت بە وێنەی ژنانی هەخامەنشی زیاتر دەرکەوتنیانە لە کەلوپەلە بچوکە هونەرییەکان، (خسروی،1398، 67-68). هەر چۆنێك بێت سنورداربونی وێنەی ژنان لە پاشماوە هونەرییەکانی کۆشکە شاهانەییەکان و نەبونی پەیکەری ژن ناتوانرێت وەك قەدەغەکردنی کێشانی وێنەی ژنان سەیربکرێت، لە هەمانکاتدا کەمبونی وێنەی ژنان مانای کەمبونی ڕۆڵی ژن نادات بەپێچەوانەوە کەلوپەلی پەیوەندیدار بە ژنان دۆزینەوەی چەندین پارچەی شوێنەواری کە ژنان لە بابەتی جوانکاری سودیان لێبینیون نیشانەی گرنگی ئەم ڕەگەزە بوە[5] (مجیدی، 1396، 117-119).
هەرچەندە ئەو بەڵگەنامە شوێنەوارییانەی وێنەی ژنیان لەسەرکێشراوە ئێجگار کەمن بەبەراورد بەو هونەرە فراوانەی لە ناو شارستانیەتی هەخامەنشی نمایشکراوە تەنانەت لە هیچ یەك لە داتاشراوەکانی شوش (لە پارێزگای خوراسان) و پاسارگاد (لە پارێزگای کرمانشان) و تەختی جمشید وێنەی کێشراوی هیچ ژنێك بەرچاوناکەوێت [6]، هەتا دەوترێت ئێرانی سەردەمی هەخامەنشی وێنەی هیچ ژنێکیان نەکێشاوە(محمد،253،1996)؛ (ویل دوڕانت، 2011، 609)، بەڵام پێویستە گرنگی بەو بەڵگەنامە هونەرییە وردانە بدرێت کە بەرێکەوت دۆزراونەتەوەو وێنەی ژنیان لەسەرکێشراوە، لە ڕێگەی ئەو تابلۆ هونەرییە وردانەشەوە دەکرێ تارادەی پێویست لە ڕۆڵی ژنانی هەخامەنشی لەناو ئەو کۆمەڵگەی هەخامەنشی بخوێنینەوە (کخ،1385، 192)، بەڵام ناکرێ نەکێشانی وێنەی ژنان لەسەر دیوار و تاقەکانی تەختی جەمشید لەلایەن هونەرمەندان و دیزاینەرانەوە وەك فەرامۆشکردنی ژن لەو کۆمەڵگەی ئەو شارستانییەتە لێکبدرێتەوە چونکە وێنە هونەرییەکانی کۆشکە شاهانەییەکان بەپێی پێویستی کۆشکەکان و بە مەبەستی نیشاندانی هێزی دەوڵەت کێشراون، بۆ ڕاستکردەوەی ئەم تێڕوانینەشمان دەتوانین لەنێو ڕاپۆرتی مێژونوسانی یۆنانییەوە کە کاریگەری ژنانی هەخامەنشی لەناو کایە جیاجیاکانی ئەم شارستانیەتیە بگەین (ملك زادە، 1347، 27-30)، لەهەمانکاتدا و لەگەڵ دۆزینەوەی هەزاران بەڵگەنامەی نوسراو لە تەختی جەمشید لەلایەن پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی شیکاگۆ کە بەسەرپەرشتی ئارنست هرتسفلد ئەنجامدران و دواتر لە نێوان ساڵانی 1969-1978 لەلایەن ڕیچارد هاڵك وەرگێڕدران و بڵاوکردەوە کۆمەڵێ دەروازەی گرنگی بەسەر توێژەراندا کردەوە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵ و پێگەی ژنانی هەخامەنشی (بریان، 1990، 198)
ئەوەی گرنگە و پێویستە ئاماژەی پێکرێت ئەوەیە کە هونەری هەخامەنشی ژنانی لەڕێگەی **ناڕاستەوخۆوە**ویناکردوە وێنەی ژنانیان لەڕێگەی کەلوپەلی وردی هونەرییەوە نمایشکردوە و هەرگیز بە ڕونی خانمێکی شاهانەی شانبەشانی پاشا لە دیواری هیچ کام لە کۆشکەکاندا نەکێشاوە، بەڵام کۆمەڵێك هێما و وێنەی وردی هونەری هەن نیشاندەری هێزی ژنانی هەخامەنشین (cartisand and tallis,2005, 225).
جگەلەوەی تابلێتەکانی تەختی جەمشید و بەڵگەنامە تۆمارکراوەکانی بابلییەکان چالاکی کۆمەڵاتی و ئابورییەکانی ژنان (کە لەبەشەکانیتری توێژینەوەکەمان باسمان کردوە) ناو کۆشك و دەرەوەی کۆشکی هەخامەنشیان خستۆتەڕو، لە هەمانکاتدا زۆرجاریش ئەم چالاکیانە لەسەر کەلوپەلە هونەرییە هەڵکۆڵراوەکانی وەك مۆر گڵێنە و دراوەکانیشەوە نیشاندراون، ئەمە جگە لە چەند پاشماوەیەکی وەك و پەیکەرۆکە ئەو ڕۆڵەی ژنان گێڕاویانە هەستی پێدەکرێت و دەتوانین لەڕێگەی ئەو هەڵکۆڵراوە هونەرییە وردانەوە ئاشنابین بە ڕۆڵ و پێناسی ڕاستەقینەی ژنانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی.
لەڕاستیشدا بیرۆکەی دابڕانی ژن لە کۆمەڵگە لەناو دەوڵەتی هەخامەنشیدا لەلایەن بەشێك لەلای مێژونوسان [7] لەوە سەرچاوەی گرتوە کە ژنان کەمتر لە هەڵکۆڵدراوە هونەرییە جۆراوجۆرەکانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشیدا وێناکراون، ئەمە بۆتە بنەمایەك بۆ ئەوەی بەشێك لە توێژەران پێیانوابێ ژنان لە کۆمەڵگەی هەخامەنشی دابڕێنراون (بروسیوس، 1387،

115). ڕاستە وێنەی ژنان لە دیوارەکانی تەختی جەمشید نابینرێ، بەڵام هەندێ نمونەی وێنەی ژنانی هەخامەنشی لەسەر ڕوی هەندێ مۆر و کەلوپەلیتری وەك دراوی هێلینی-یۆنانی و سلوکیان (312-63پ.ز) دۆزراونەتەوە بەهای خۆیان هەیە بۆ تێگەیشتن ڕۆڵ و پێگەی هەمەلایەنەی ژنانی ئەم قۆناغە (ایت اللهی، 2002، 104).

دەیمز سەرەڕای ئەوەی پێیوایە داتاشراوە و بابەتە هونەرییەکانی هەخامەنشی کە پەیوەندیدارن بە ژن نەدۆزراونەتەوە، لەهەمانکاتدا لە دیدی ئەم مێژونوسە ئەگەر ئەو بەڵگەنامانە پاشماوە هونەریانەی تایبەتن بە ژن کەمیشبن جێگەی سەرسوڕمان نییە، لەبەرئەوەی پاشایانی هەخامەنشی هەمو توانا و لێهاتوی خۆیان لەجەنگدا بەکاردەهێنا لەگەڵ شارستانیەتییەکانی دەوروبەریان تەواوی ئەو پاشماوە هونەریانەش کە لە دوایان جێماوە بەڕادەیەکی زۆر گوزارشتی لە کاروباری سیاسی و سەربازی کردوە لە دۆخێکی لەو جۆرەدا ئاساییە هونەریش پەیوەستبکرێت بە چەمکی دەسەڵاتەوە ئەم نوسەرە پێشی وایە لەبەرئەوەی نیشاندانی ژن بەشێوەیەکی نیمچە ڕوتی هونەرێکی گشتی و باوی جیهانی دێرین بوە ئەم جۆرە نیشاندانەش لە کلتور و دابونەریتی پارسەکاندا ناپەسەند بوە هەر بۆیەشە هەخامەنشییەکان بەبەراورد بەشارستانیەتییەکانی دیکەی ئێرانی پێش ئیسلام و ڕۆژهەڵات کەمتر ژنیان خستۆتە چوارچێوەی بەرهەمە هونەرییەکانیانەوە (2001,42)، لەهەمانکاتدا بە هۆی ئاشنابون و تێکەڵبونی هەخامەنشییەکان لەگەڵ یۆنانییەکان و ئاشنابون بە هونەری هەڵکۆڵینی یۆنانی کە یەکێك لە سیما دیارەکانی هونەرەکەیان کێشانی وێنەی مرۆڤ بو بە ڕوتی، دەوڵەتی هەخامەنشی ئەم نەریتەی پێگونجاو نەبو لەبەرئەوە مەبەستیان بو پێچەوانەی هونەری یۆنانی خۆیان نیشانبدەن، دروستکردنی پەیکەر و کێشانی وێنەی هەردو ڕەگەز بە ڕوتی تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی هونەری یۆنانییە لەگەڵ شارستانیەتیە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو دابونەریتە بو کە یۆنانییەکان لە کاتی وەرزش پیادەیاندەکرد و یارییە جۆراوجۆرە وەرزشییەکانیان بەڕوتی یاخود نیمچە ڕوتی ئەنجامدەدا وەرگرتنی بیرۆکەی پەیکەرتاشی یۆنانی بەستنەوەی بە ژیانی وەرزشی لەلایەن مێژونوسانی کلاسیکیشەوە پشتڕاستکراوەتەوە (عبدالوهاب، 1979، 278)، ئەم نەریتە لە هونەردا پێچەوانەی پەیکەرتاشی و وێنەکێشی هەخامەنشییەکان بو، چونکە لە بابەتی جلوبەرگدا هەخامەنشییەکان نەك ژنەکانیان تەنانەت وێنەی پیاوانیشان بەڕوتی نەکێشاوە، داپۆشراوی جەستە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هونەری هەخامەنشی بوە (محمد، 1996، 254)، ڕەنگە ئەو پەیوەندییە ئاڵۆز و دوژمنکاریەیی لە نێوان هەخامەنشی و یۆنانییەکاندا هەبوە، هۆکار بوبێت بۆئەوەی هەخامەنشییەکان یوستبێتیان لە زۆر بواری وەك سیاسی و هونەری و کۆمەڵایەتی و ئاینیش خۆیان جیابکەوە لە یۆنانییەکان، لە وەها حاڵەتێکدا هونەر باشترین ئامرازە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە جیاکارییە دژی یۆنانییەکان.

لە دیدی بەشێکیتریش لە مێژونوسان دەرنەکەوتن یاخود سنورداربونی وێنەی ژنانی هەخامەنشیان لەناو تابلۆ هونەرییەکاندا دەگەڕاندەوە بۆ هەمان ئەو هۆکارەی دەیمز باسی لێکردبو ئەمانیش تێڕوانینی خۆیان بەم جۆرە خستۆتەڕو:

شارستنیەتیەکانی پێش هەخامەنشی و هاوسەردەمی هەخامەنشی ژن بەشێوەیەك وێنەی کێشاوە کە پێدەچێت شەرمهێن بوبێ لە کلتوری پارسەکان بەو جۆرە وێنای ژنانیان بکێشرێت (دادور و مبیڤی، 1391،44) کێشانی وێنە ژنان بەم شکڵە لە ڕوتی یاخود نیمچە ڕوتی لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی شەرمهێن و بێ ئابڕوی بوە(مرادی و ابادی، 1379، 39)

بەڵام چەند توێژەرێکیتر ئەم تێڕوانینەی دەیمز و ئەوانەی دوای دەیمزیش ئەم تێڕوانینەیان هەبوە ڕەتکردۆتەوە لەبەر چەند هۆکارێك:

1.وێنەی ژن بەشێوەیەکی جۆراوجۆر هەن لە ناوچە و هەرێمە جیاجیاکانی ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی هەخامەنشی (دواتر وێنەکان دەخەینەڕو)، بەڵام ئەگەر بەڵگەیەکی لەو شێوەیەش نەبوبێ شیکاریەکی لەم شێوەیە بۆ هونەری هەخامەنشی بنەمایەکی تۆکمەی نییە.

2.ئەم جۆرە تێڕوانینە لە دەرئەنجامی لاوازی میتۆلۆژییەوە سەرهەڵدەدەن کە لێکۆڵینەوەکانیان لە جوگرافیایی ئێرانی ئەمڕۆدا سنوردارکردوە لە کاتێکدا ئەگەر بمانەوێ لێکۆڵینەوە لە هونەری هەخامەنشی ئەنجامبدەین دەبێت تەواوی ئەو و جوگرافیا و هەرێمانە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە کە لە ژێر قەڵەمڕەوی دەستەڵاتی هەخامەنشی بون (صفایی، 1394، 88).لە دۆخێکی وەهاشدا وێنەی جۆراوجۆری ژنانمان بەرچاودەکەوێت.

3.هۆکارێکیتریش ئەوەیە کە دەیمز سەبارەت بە بەراوردکردنی هونەری هەخامەنشی لەگەڵ هونەری سەردەمەکانی پێشخۆی و هاوسەردەمی هەخامەنشی بەهەڵەداچوە(Lerner, 2010,153).

بەگشتی پاشایانی هەخامەنشی هاوسەرەکانی خۆیان لەنێو خێزانە خانەدانەکاندا هەڵدەبژارد ئەم ژنە دەبوە شاژنی هەڵبژێردراو و سەرۆکایەتی هەمو ژنانی ناوکۆشکی دەکرد جگە لە دایکی پاشا، سەرەڕای ئەوەی ژنانی پاشا مافی ئەوەیان پێدەدرا تاجی پاشای بخەنەسەریان پیاوانی کۆشك و دەرەوەی کۆشکیش لەسەریان پێویست کرابو ڕێز بۆ شاژن بنوێن، هەرچەندە بەپێی کۆمەڵێ دەقی مێخی ژنانی هەخامەنشی تەواو ئازادبون، بەڵام داپۆشراو و بون و تێکەڵبویان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر سنورداربوە هەتاوەکو هاتوچۆکردنیان بە کەژاوەی داپۆشراو بوە لەم حاڵەتەو بەپێی ئەو سەرچاوانەی باس لەم پرسە دەکەن کێشانی وێنەی ژنان لە دیوارەکانی تەختی جەمشید و شوێنە گشتییەکان تاڕادەیەك ئەستەم دەبێت(بانو شگفته،1350، 29).

بروسیوسیش پێیوایە لە حاڵەتی پەسەندکردنی ئەو بیرۆکەی باس لە دابڕانی ژنانی هەخامەنشی دەکات لە کۆمەڵگا و ژیانکردنیان لە کۆشکی تایبەت بەخۆیان، وادەکات کەمتر ئەو بەرهەمە هونەریانە ڕەواجیان هەبێ کە وێنەی ژنانیان تێدا وێنادەکرێت (بروسیوس، 1387، 115).

لەهەمانکاتدا دەتوانرێت بوترێ هونەری هەخامەنشی کەمترین گرنگی بەو دیمەنانەداوە کە پەیوەستن بە ژنان، هێڵ و هێما هونەرییەکانی هەخامەنشی زیاتر هەوڵێکن بۆ دەرخستن و نیشاندانی دەوڵەتێکی بەرفراوان و هێزێکی لە ڕادەبەدەری پاشاکەیان (رواندی، 1352، 50) لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئاماژەمان پێکرد چەندین کەلوپەلی هونەری ورد دۆزراوونەتەوە لەلایەن شوێنەوارناسانەوە کە وێنەی ژنیان لەسەر کێشراوە و لە ڕێگەی لێکدانەوەیان و بەستنەوەیان بە دەقە مێخییەکانی ناو تەختی جەمشید دەتوانین لە ڕۆڵ و پێگەی ژنانی هەخامەنشی تێبگەین.

## باسی دوەم: وێنەی ژنانی هەخامەنشی لەسەر مۆرە هەڵکۆڵراوەکان

شاباسی ئەم توێژینەوەیەمان خستنەڕوی ئەو مۆرانەو[8] شیکردنەوەیانە کە تایبەت بون بە ژنانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی، لە ڕاستیدا مۆرەکان بە یەکێك لە نایابترین کەلوپەلە هونەرییەکانی دەوڵەتی هەخامەنشی دادەنرێن بۆ تێگەیشتن لە پێگەی ژنانی هەخامەنشی (شمس الدین، 1393، 57)، ئەم مۆرانە جگەلەوەی جوانیەکی سەرنجڕاکێشیان هەیە و بە شێوازێکی هونەری زۆر ورد هەڵکۆڵراون، لەهەمانکاتدا سەرچاوەیەکی گرنگیشن بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی هەمەلایەنەی ژنانی هەخامەنشی و کۆمەڵێ زانیاری دەگمەنیان لە دەرونی خۆیاندا شاردۆتەوە، ئەم مۆرە هونەرییانە هەڵگری کۆمەڵێ ڕەمز و ڕازن زانیاری وردیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتوە، جگەلەوەی مۆرەکان تایبەتبون بە فەرمی نیشاندانی مامەڵە ئابورییەکان ئاماژەی چالاکی بازرگانی فراوانی ژنانی هەخامەنشی بون (بە دیاریکراویش ژنانی ناوکۆشك)، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێگەی وێنەکێشراوە هونەرییەکانی سەر ڕوی ئەو مۆرانە دەتوانین لە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئاینی و کلتوری خاوەنەکانیشیان تێبگەین.

لە هەزارەی سێیەم تا کۆتاییەکانی هەزارەی دوەمی پێش زاین زیاتر دیمەنە سروشتی و بیروباوەڕ و ئەندێشە ئاینییەکان و کۆمەڵێ وێنەی خەیاڵی ڕوداوی سروشتی لەسەر ڕوی مۆرەکاندا دەبینرا، بەپێی کاریگەری دیاردە سروشتییەکان لەسەر خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکان وەك خۆر و مانگ و ئەستێرە و ئاسمان ڕوبار کۆمەڵێ ئاژەڵی کێوی و خوداوەندەکان هەڵدەکەنران، کە هەریەك لەو وێنانە پەیوەندیداربون بە بیروباوەڕی خاوەن مۆرەکەوە (بیانی، 1352، 45).

جۆری مۆرەکان لە ناو دەوڵەتی هەخامەنشی- دو جۆرن یان مۆری تەختن یاخود مۆری لولەین، هەرچەندە لەسەردەمی هەخامەنشی مۆری لولەی خواستی لەسەر نەمابو بە هۆی ئاڵۆزی پێویستبونی بە بە دیقەت و لێزانی زیاتر بەبەراورد بە مۆری تەخت، بەڵام لەژێر کاریگەری شارستانیەتییەکانی میسۆپۆتامیا کەم تا زۆر ئەم مۆرانەش بەکارهاتون بەگشتی مۆرەکان نیشاندەری هێزی خاوەنەکەکانیانن (کرتیس، 1389، 46) یەکێك لەو تایبەتمەندیانەی مۆری سەردەمی هەخامەنشییەکانی پێ جیادەکرێتەوە لەمۆرەکانی سەردەمەکانی تر هەڵکۆڵینی وێنەی ژنە لە ڕوکاری مۆرەکان بەگشتیش لە مۆرەکاندا دەسەڵاتی شاژن و ڕاوشکار ڕێورەسمی ئاینی و کۆمەڵایەتی و نیشاندانی شاژن بە ڕێزەوە لەگەڵ خزمەتکارەکانی نمایش کراوە.

لەسەردەمی هەخامەنشی سەرەڕای سود وەرگرتن لە گڵ و گەچ بۆ دروستکردنی مۆرد، بەردی بەنرخ و کانزای بەنرخی وەك زێڕیشیان بەکاردەهێنا، ئەوبەردانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنران بریتیبون لە بەردی ڕەق و گرانیت و نەیزەك (بڕوانە وێنەی ژمارە 1)، سەرەڕای بەنرخیان ئەم بەردانە بەلایانەوە پیرۆزیش بون و شێوازی مۆرەکانیش تەواو ئەندازە بون شێوەی چوارگۆشە و خڕ و هێلکەی بون قەبارەی ئەم مۆرانە لە 1-10 سم بون و قوڵی هەڵکۆڵینی سەرمۆرەکان دو ملیم دەبێت بە تێکڕای، هەڵکۆڵینی هونەری سەر مۆرەکان بەبەراورد بە هەڵکۆڵکارییە بەردینە گەورەکانی قەدپاڵی چیاکان و دیوارەکانی تەختی جەمشید و گۆڕە پاشاییەکان دەتوانرێ بە بچوکترین هەڵکۆڵکاری دابنرێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەم هەڵکۆڵکارییە هونەرییە وردانەش وەك هەڵکۆڵکارییە قەبە و گەورەکان نیشانە و ئاماژەبون بۆ هێز و شکۆمەندی شاهانەیی،(ویل دوراِنت، 2011، 614)؛(شمس الدین، 1393، 106).



(وێنەی ژمارە1) مۆری سەرۆکی پاسەوانانی بەردی بەنرخ و پیرۆز لە مۆزەخانەی چونەژورەوەی کۆشکی پاشا دروستکراو لە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 5 پ.ز. (مترۆپەلتین) لە نیۆرك هەڵگیراوە مێژوەکەی

ئەوەی کە بەسەرنجدان لە وێنەی سەرمۆرەکانی تایبەت بە ژنانی هەخامەنشی. دەستماندەکەوێت نیشاندانی وێنەی ژنە لە کۆبونەوەو میوانی و ڕاو شکارو گەشتو ڕێورەسمە ئاینییەکان، لە ڕێگەی ئەم وێنانەوە ئاشنادەبین بە پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی ژنان لە هەمانکاتدا دەتوانین لە کاروباری ڕۆژانەی ژنان تێبگەین سەرەڕای ئەوەی وێنەی بەشێکی زۆری سەرمۆرەکان وێنەی خاوەنەکانیانە، هەریەك لەم مۆرانەش لە کاروباری ڕۆژانە بەکارهاتون، بۆ تێپەڕاندنی ئەو کاروبارانەی تایبەت بوە بەخۆیان و چالاکییە هەجۆرە کۆمەڵایەتییەکانیان پێ ئەنجامداون (شمس الدین، 1393، 116). وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد گرنگترین جۆری مۆرەکان لەم شارستانیەتیەدا دو جۆربون ئەوانیش بریتین لە:

## 1.مۆرە لولەییەکان

ژمارەیەك مۆری لولەیی بەردەستن لە شوێن و کاتی جیاجیا دۆزراونەتەوە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی هەخامەنشی. ژمارەیەك لەو مۆرانە وێنەی ژنانیان لەسەر هەڵکەندراوە هەرچەندە بەشێك لەو مۆرانە توشی داخوران و

شـــيبونەوە بون، بەڵام بەشـــێكيتريان وێنەكانيان بەڕونی دەناسرێنەوە، كە وێنەی ژنانن هەر يەك لەم وێنانە لەلايەن شوێنەوارناسان و مێژونوسانەوە خوێندنەوەی جياوازيان بۆكراوە.

يەكێك لەو مۆرە هونەريانە كە دەتوانين ڕۆڵی ژنانی هەخامەنشی‌ــ تيادا ببينينەوە مۆرێكی لولەييە لەناوەڕاســـتی ئەو نەخشـــونيگارانەی لەســـەر ئەم مۆرە هەڵكەندراوە ئاگردانێكی پيرۆز دانراوە پێدەچێت ڕێوڕەســـمێكی ئاينی تيايدا نمايشكرابێت، لە دەستە چەپی ئەو وێنەيە دو ژن ڕوبەڕوی يەكتری وەستاون يەكێك لەو ژنانە نمايشی.ژنێكی خانەدان ياخود شاژن دەكات لەسەر كورسييەكی شاهانەی پشتدار دانيشتوە (شمس الدين،1393، 112) قاچی خستۆتە سەر چوارپايەكی بچوك خۆشـــبەختانە وێنەی ســـەر ئەم مۆرە توشی داخوران نەبوە و وێنەكان بە جوانی دەناسرێنەوە، كە وێنەی ژنانيان لەسەر نەخشێنراوە، شێوازی دانيشتنەكەشی تەواو دانيشتنێكی شاهانەيە دو ژنی تر بەرامبەری وەستاون پێدەچێت خزمەتكاری بن و يەكێك لەو ژنانە كاســەيەك خواردنەوە پێشـكەشی شـاژنەكە دەكات(Pope,1938,124) بڕوانە (وێنەی ژمـارە2) ئـاگردانە پيرۆزكەی نـاو مۆرە هەڵكەنـدراوەكەش هەمـان ئەو ئـاگردانە پيرۆزانەن كە لەســـەر ديوارەكانی تەختی جەمشـــيد وێناكراون بۆ نمايشـــكردنی ڕێورەســـمە ئاينييەكان (ملك زادە، 1347، 102)، وەســـتانی كەسێك بەرامبەر پەرستگا ياخود ئاگردانێكی پيرۆز يەكێك لە تايبەتمەندييە بەربڵاوەكانی ناو مۆرەكانی هەخامەنشی.بو (Legrain,1925,46-48)، هەرچەندە لە بنەڕەتدا هونەری هەخامەنشی‌ــ لە ئاينەوە ئيلهامە ســـەرەكيەكانی خۆی وەرنەگرتوە، بەڵام هێما ئـاينييەكـان ســـيمـايەكی ديـاری نـاو داتـاشراوە هونەرييەكانی دەوڵەتی هەخـامەنشی‌ــ بون (عكاشـة،2012، 142)، هەروەها ئەم شـاژنە بە دەســـتێكی گوڵی نيلۆفەرێ بەدەســـتگرتوە و بە دەســـتەكەی تريش دەيەوێت باڵندەيەكی شـــێوە كۆتر لە خزمەتكارەكەی وەربگرێ (قادری،1396، 489) ئەم جۆرە ديمەنە كە بريتييە لە بەدەســـتەوەگرتنی گوڵی نيلۆفەڕ لە زۆر يەكێك لەو نەخش و نيگارانەدا دوبارەدەبنەوە كە وێنەی ژنـان و پاشـــايانی هەخامەنشی لەسەر هەڵكەندراوە.



(وێنەی ژمارە2) مۆرێكی لولەی كە وێنەی ژنانی لەسەر نەخشێنراوە لە مۆزەخانەی لۆڤەر پارێزراوە (Daems 2001: 128,)؛(Lerner, 2010, 155)

بە تێڕوانينی اورلی ديمز ئەو ژنەی تر كە لە دەســـتەڕاســـتی مۆرەكە دەركەوتوە ئەويش تاجێكی لەســـەر ناوە شـــاژنێكی هەخامەنشيە و ئەو خزمەتكارەی لە ناوەڕاستی وێنەكەدا دەردەكەوێ مەبەستيەتی دياری لە شاژن وەردەگرێت بيبات پێشـكەشی خوداوەند ئاناهينای بكات، هەروەها ئەم توێژەرە پێيوايە ئەوەی لەســـەر كورســـيە شـــاهانەكە دانيشـــتوە خوداوەند ئاناهيتايە[9] (1386، 84)، لە هەمانكاتدا چەند توێژەری تريش پێيانوايە ئەم ژنەی لەســـەر كورســـييەكە دانيشـــتوە و وێنای خوداوەند ئاناهيتا دەكات (Goldman,1992,95)؛(Dalton,1964,24 )بەڵام هايد ماری كخ

ئەوە ڕەتدەکاتەوە پێیوایە ئەو ژنەی لەسەر تەختە شاهانەیەکە دانیشتوە خوداوەند نییە، بەڵکو ژنێکی خاوەن پێگە و باڵای هەخامەنشییە ئاماژە بەوەش دەکات ئەو ژنە لە ڕێگەی ئەم وێنەوە مەبەستی بوە شکۆ و پایەی خۆی نیشانبدات، بۆ ئەمەش بەڵگەی دەهێنێتەوە کە مۆرێکی تری هاوشێوەی ئەم مۆرە (دواتر خستومانەتەڕو) لە مۆزەخانەی لەندەن هەیە پێچەوانەی ئەم مۆرە ژنی سەرتەختەکە خەریکی پێدانی باڵندەیەکی بچوکە بە کچێکی بچکۆلانە ئەم باڵندە بچوکەش تەنها بۆ کاتبەسەربردن و جوانییە(1386، 194)، دەشکرێت شاژنی هەرێمێکیتر بوبێت یاخود ژنی دوەم و سێیەمی پاشا بوبێت و سەردانی کۆشکی شاهانە و شاژنی گەورەی کردبێت و دیاری بۆهێنابێت، چونکە ئەوەی لە شێوازی دانیشتن و کەلەپەل و جلەکانیدا دەخوێنرێنەوە زیاتر تایبەتمەندی شاژنی پێوەدیارە نەك خوداوەند.

هەرچۆنێك بیت کێشانی هەریەك لە وێنەی هەردو ژنەکەی دەستە ڕاست و دەستە چەپ بەو شکۆمەندییەوە هیچ پێچەوانە نییە لەگەڵ کێشانی وێنەی خوداوەندە ژنێکی وەك ئاناهیتا، هەریەك لەمانە ئەگەر خوداوەندیش نەبن وێنای ژنانی پایەبڵند و خانەدانان دەکەن (صفاران و خیوەگی، 1396، 33)، خاوەنی ئەم مۆرە لەڕێگەی ئەو وێنە هونەرییەی سەر ئەم مۆرە کە تیایدا تەختێکی شاهانە و خزمەتکار و شێوازی ئەو جلوبەرگە گرانبەها و ئەو کوڵاوە شێوە تاجەی وێناکراوە ویستویەتی پێگەی باڵای خۆی نیشانبدات، هەروەها بونی ئاگردانی پیرۆز لە وێنەکەدا و ئەو شێوازە دانیشتنانەدا یەك نەریتی شاهانەی هەخامەنشیە (مجیدی، 1396، 150)

لە ڕاستیدا لە شێوازی دانیشتن و جۆری کورسیە شاهانەیەکەی و شێوازی خزمەتکردنی ئەم شاژنە دەتوانین لەوە بگەین کە ژنان جگەلەوەی لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە ڕێزی زۆریان لێگیراوە، وێنەی سەر مۆری ژمارە دو سەرەڕای نیشاندانی مەڕاسیمێکی ئاینی مۆرێکە ڕەهەندی سیاسیشی. هەیە وەك نیشاندانی هێزی سیاسی ژنانی کۆشك و دانیشتن لەسەر تەختی پاشایی (خسروی، 1398، 97) ئەم کۆرسیە شاهانەیەی لەو مۆرەدا دەرکەوتوە هاوشێوەی کورسی داریوشی یەکەمە کە لە دیوارەکانی تەختی جەمشید هەڵکۆڵراوە (ضیاپور، 1347، 64) ژنانی هەخامەنشی پێگەی سیاسییشیان بەهێز بوە، ڕاپۆرتی مێژونوسانی یۆنانی ئەم تێڕوانینە پشتڕاست دەکەنەوە کاتێ باسی هێزی سیاسی ژنانی هەخامەنشی دەکەن شاژنیان بە هاوشانی پاشا زانیون لەم بارەیەوە مێژونوسێکی یۆنانی نوسیویەتی: ((ژنانی هەخامەنشی زۆر بەهێز بون لەناو کۆشکدا بەجۆرێك کۆشکی هەخامەنشی خاوەن دو شمشێری ئاسنینی بەهێز بو شمشێرێکیان پاشا و ئەویتریان شاژن بوە)) (Llewellyn-Jones.2010,96). لەڕاستیدا دانیشتنیش لەسەر تەختی پاشا واتادارە و مانای جێنشینی هاوئاستی لە بەڕێوەبردن و بڕیاردان و کاریگەری دێت، و لەم بارەیەوە مێژونوسێکیتری یۆنانی ئاماژە بە ڕۆڵی (ئاتوسا)ی کچی کۆرش (559-530پ.ز) دەکات کە چ کاریگەریەکی لەسەر بڕیارە سیاسیەکانی داریوشی هاوسەری هەبوە لە ڕازیکردنی بۆ هێرشکردنە سەر یۆنان (Herodts,3,133-134) هەروەها هەمان نوسەر باسی لە ڕۆڵگێڕانی ژنانی کۆشکی هخامەنشی۔ کاریگەری بەهێزیان لە دیاریکردنی شازادەی جێنشیندا گێڕاوەو ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە دیاریکردنی خەشایارشا(486-465پ.ز) بە شازادەی جینشین لەناو هەمو کوڕەکانی داریوشدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسەڵاتە ڕەها و باڵایەی دایکی (ئاتوسا) کە لە ناو کۆشکدا هەیبوە (ibid,7,2-4)، هەر سەبارەت بەهێزی ئاتوسا لە یەکلایکردنەوەی شازادەی جێنشین ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە دوای مردنی داریوش دەستبەجێ کێشەی جێنشینی پاشای چارەسەرکردوە و خەشایارشای لەسەر تەختی پاشایی داناوە (Plutarch, Moralia,488) بۆیە جێگەی سەر سوڕمان نییە کە ستۆنیمانیش هاوشێوەی هیرۆدۆت و پلوتارك ڕۆڵی ئاتوسا بە هۆکاری هەرە باڵا دەخەملێنێ لە پرسی دیاریکردنی خشایارشا بە شازادەی جێنشین ئەم کاریگەریەی ئاتوسای لە شانۆنامەیەکدا نیشانداوە بەناوی شانۆنامەی (پارسیان) کە تیایدا ئەوە دەخاتەڕو، کە کۆشکی پاشایانی هەخامەنشی و بڕیارە سیاسیەکانی ئەو کۆشکە لە ژێر هەژمونی ژناندایە و ڕۆڵی ئاتوسا وەها نیشاندەدات، کە خاوەن هێزێکی سیاسی زۆرە لە ناوکۆشکدا (26 ,2015)، هەر ئەم مێژونوسە ئاماژە بەوە دەکات کە لەدوای گەیشتنی خەشایارشا بە تەختی پاشایاش، ناوبراو پاشایەکی بێدەسەڵات و

نـاژیر بوە کۆشــکی پـاشـــای لەســـەردەمی خەشـــایـارشـــا بەتەواوەتی لەژێر هەژمونی ژنـانی کۆشــکـدا بوە (Stoneman,2015,61-62) دەکرێت هەر لەم ڕوانگەیەشـەوە بوبێت کاتێك مێژونوسـێکیتری یۆنانی کۆن هاتوە و نوسیویەتی "خەشایارشا قوربانی پلانگێڕی ژنانی ناو کۆشك بوە لەسەردەمی فرمانڕەوای ناوبراودا دەسەڵاتی سیاسی ژنانی ناو کۆشك زۆر فراوان و بەهێزبوە" (Diodorus Siculu, XI, 69, 1-2).

هەروەهـا دیمەنێکیتری ســـەر ئەم مۆرە بریتییە ڕێز نوانـدن بەرامبەر شـــاژن، بونی خزمەتکار لەوێنەکەدا مـانـای شـکۆمەندی شـاژنە ئەمە ســەرەڕای بەبچوکتر نیشـــاندانی وێنەی خزمەتکارەکە لە ڕوی قەبارەکەی بەبەراورد بە دو ژنەکەیتر کە ئاماژەی ڕونن بۆ پلە بەندی کۆمەڵایەتی لەناو ژنانی کۆشـــك ئەمە ســـەرای جیاوازی جلوبەرگی ئەو ژنەی دەســـتەڕاســـت کە بەرەو ئـاگردانەکە هەنگاوی نـاوە لەگەڵ خزمەتکار و ژنە شـــاهـانەیەکە (Lerner,2010, 153)؛(Bakker,2007,214).

لە یەکێکی تر لەو مۆرە لولەیانەی وێنەی ژنانی هەخامەنشیـ لەسـەر کیشراوە مۆرێکە وێنەی ژنێك نیشـاندراوە دوبارە وەك وێنەیەکی پیشـوتر لەسـەر کورسـیەکی شـاهانە دانیشـتوەو قاچەکانی خسـتونەتە سـەر بەرپێیەکی چوار پێچکە وا پێدەچێت خەریکی ئارایش بێت چونکە شـــاژنەکە ئاوێنەیەکی ڕوبەڕوی خۆی گرتوە ئەم مۆرە لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس پارێزراوە (صـــفایی، 1394، 90)، (بڕوانە وێنەی ژمارە سێ) پێدەچێت توێژەران لەســـەر بنەمای وێنەیەکی لەو شـــێوەیە بێت کە تیایدا خاتونێك ئاوێنەیەکی بەرامبەر خۆی گرتوەو پرچی بۆ دواوە بەرداوەتەوە هەروەها ئەو ڕێژە زۆرە لە کەلوپەلی جوانکاری وەك بازن و گەردانە و کلدان و گوارە و کەلوپەلی دەگمەن و بەنرخیتر کە بەردەســتن گەیشــتبێتە ئەو بڕوایەیی لە باسی ژنانی هەخامەنشیـــ وتویانە کە ژنان گرنگی زۆریان بە ئارایشـــکردن و بابەتەکانیتری جوانکاری داوە(ضـــیـاپور، 1343، 75-79)؛(ضـــیـاپور، 1347، 68)؛(گریشـــمن، 1385، 177)؛(پوربهمن، 1386، 75)؛(کرتیس،1392، 28-41) لەگەڵ زیاتر بونی سـەروەتو سـامانی هەخامەنشـییەکان باشـتربونی بارودۆخی ئابوری، خواســت لەســەر کەلوپەلە جوانکارییەکانی وەك بازن و گوارەو ملوانکەو تاج و کەلوپەلە وردە بەنرخەکانیتر زیاتر بوە (محمد، 1996، 255)، نمونەی ئەو کەلوپەلانەی ژنان بۆ جوانکاری بەخۆیاندا هەڵیانواســیوە بە ڕێژەیەکی زۆر لەناو تەختی جەمشیددا دۆزراونەتەوە.

ئەو ژنەی لەسەر کورسییە شاهانەیەکە دانیشتوە وا نیشان دەدرێت کە خانمێکی شاهانەبێت (کخ، 1386، 264) ئەم شـاژنە بە شـکۆوە لەسـەر تەختە پاشـاییەکە دانیشـتوە جلوبەرگێکی درێژ و شـۆڕ و گرانبەهای لەبەردایە لە پشـتیەوە ژنێکیتری شێوە خزمەتکار بەپێوە وەستاوە خەریکی باوەشێنکردنی ژنە شاهانەیەکەیە (Lerner,2010, 154) هەر لەم مۆرەدا ژنێکیتریش دەبینرێ لەبەرامبەر ژنە شـاهانەکەوە وەسـتاوە (Brosius,2007,33)، ئەم وێنەیە نیشـاندانی ڕێز و شــکۆیەکی زۆری ناو کۆشــکی شــاهانەی بە شــاژن و ژنانی خانەدانی وێنادەکات (مجیدی، 1396، 118-119) لێرنر پییوایە وێنەی هەڵکۆڵراوی ســـەر ئەم مۆرە مەجلیســـێکی کۆمەڵایەتی چینی خـانەدانـانی نـاو کۆشـــکی بۆ ئێمە گواستۆتەوە(2010,154)




(وێنەی ژمارە3)مۆرێكی لولەی وێنەی ژنانی هەخامەنشی لەسەر هەڵكەندراوە(نعیس، 2018، 134)

وەك ئاماژەمان پێكرد كێشانی وێنەی ژنان لەسەر كورسی شاهانە نیشانەی بەهێزی ژنانی كۆشكی هەخامەنشییە ئەم هێزەش لە تابلێتە گڵێنەكانی تەختی جەمشیددا ڕونتر دەبێتەوە كاتێك دەبینین ژنانی بنەماڵەی شاهانە لە هەندێ حاڵەتدا وەك پاشا فرمانیان دەركردوە و فرمانەكەیان لەناو كۆشكدا جێبەجێكراوە، لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە تابلێتی ژمارە (pf1837) بەپێی لێكدانەوەی ناوەڕۆكی ئەم تابلێتە، شاژنە ئارتیستونە زۆر بەهێزبوەو دەسەڵاتی زۆری هەبوە فرمانی لە جێگەی پاشا دەركردوە فرمانەكانی هاوشێوەی فرمانی پاشای كارپێكراوە (Hallok,1969, 514)، شێوازی دانیشتنی ژنان لەسەر ئەم كورسیانە هیچ جیاوازیەكی نییە لەگەڵ شێوازی دانیشتنی پاشایانی هەخامەنشی لەسەر تەختەكانیان، ژنان لەم وێنانەدا وا دەردەكەون وەك پیاوان مامەڵەیان كردوە (كخ،1386، 195).

یەكێكیتر لەو مۆرانەی وێنەی ژنی لەسەر هەڵكەندراوە وێنەی مۆرێكە خاوەنداریەتیەكەی بۆ شاژنە ئێردەبامە دەگەڕێتەوە، تەنها یەكێك لە مێژونوسان پێیوایە ئێردەبەمە دایكی داریوش بوە(Henkelman, 2010,29)، لەهەمانكاتدا زۆرێك لە توێژەران پێیانوایە هاوسەری داریوش بوەو بەر لەگەیشتی بە تەختی پاشای ناوبراو هاوسەرگیری لەگەڵ ئێردەبامە كردوە (Cameron,1984, 88)؛ (هتنس، 1392، 199)، ئێردەبامە لە 75 تابلێتدا ناوی هاتوە كە لە هەمو ئەو تابلێتانەدا لەگەڵ موڵك و كارگە و زەوی و زارەكانی ناوی هاوپێچكراوە (كاملی، 1400، 13)، ناوبراو بازرگان و سەرمایەدارێكی دیاری ناو كۆشكی شاهانەی بوە لەسەردەمی فرمانڕەوای داریوش، مۆری ناوبراو كە ژنێكی سوارچاكە خەریكی ڕاوكردنی دو گوێدرێژی كێوییە لەسەر بەشێكی زۆر لەو تابلێتانە دراوە كە پەیوەندیدار بون بە بازرگانی ناوبراوەوە بەپێی ڕیزبەندی مۆرە دۆزراوەكانی تەختی جەمشید مۆری ژمارە (PFS 51 )[10]كە مۆری ئێردەبەمایە بەیەكێك لەهەرە مۆرە گرنگەكانی تەختی جمشید دادەنرێت (بڕوانە وێنەی ژمارە چوار) ئەم مۆرە بەكارهێنانی لەسەر ژمارەیەكی زۆر لە تابلێتەكانی گروپی(J)دەبینرێت كە تایبەتن بە نامە كارگێرییەكان، (ئێردبەما و ئایرتشدونە) تەنها كەسانێكن لە نامەكانی ئەم گروپە كە فرمانیان دەركردوە لە شێوەی فرمانی پاشا یاخود لە شوێنی پاشا، فرمانەكانیان زیاتر فرمانی كارگێرین بە مۆر و فرمانی ئەوان بڕێكی زۆر خۆراك و كەلوپەلی پێویست بە كۆشك هاوردەو بە پێچەوانەشەوە لە كۆشكیشەوە هەناردەكراوە دابەشكراوە بەسەر بەشەكانیتری ناو كۆشك و ئامادەكردنی خۆراك بۆ گەشتە شاهانەییەكان (مكنودی، 1391، 51)، بۆنمونە لە تابلێتی ژمارە (pf1837)[11] نوسینی سەر ئەم تابلێتە ئاماژە بە دابینكردنی بڕێكی زۆر خۆراك و خواردنەوە دەكات لەلایەن شاژنە ئێردەبامەوە بە مۆری تایبەتی خۆی مۆركراوە (Hollock,1969,505)، جێی ئاماژەیە لەسەر مۆری

ئەم شاژنە هیچ نوسراوێك نابینرێت، ئەڵبەت ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان نییە لە کاتێکدا ڕێژەی مۆرە لەسەر نوسراوەکان لە کۆمەڵەی مۆرە دۆزراوەکانی تەختی جمشید زۆر دەگمەنە (Gartison, 2001,12).



(وێنەی ژمارە 4)مۆری شاژنە ئێردەبامە (هاید ماری کخ، 1386، 188)

وێنەی سەر ئەم مۆرە وێنای ژنێکی سوارچاك دەکات، بەپێی بەڵگەنامە بەردەستەکان کچان و ژنانی هەخامەنشی۔ مافی ڕاهێنان و پەروەردەی جەستەیان هەبوە ئەمەش وەك کولتورێکی کۆنی گەلانی هیندۆ ئارياييەکان[12] ڕەگێکی دێرینی هەبوە (بریان، 1386، 605)، ژنانی هەخامەنشی هاوشێوەی پیاوان ڕاهێنانی تیر ئەندازی و ڕمهاوێژی و ئەسپ سواری و زۆرانبازیان ئەنجامداوەو فێکراون (حجازی، 1385، 137)، جێی باسە ئەم وەرزشە سەربازیانە جۆرێك لە باوترین وەرزشەکانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی۔ بون، بەجۆرێك لاوان لە دوای تەمەنی پێنج ساڵییەوە تا بیست ساڵی فێردەکران و ڕاهێنانیان لەسەر دەکرد سوارچاکی و تیرهاوێژی بوە (بروسیوس، 1392، 171)، واپێدەچێت شاژنە ئێردەبامەش خواستێکی زۆری بۆ ئەسپ سواری هەبوبێ لەبەرئەوەی لەناو ئەو کرێکار و سەرپەرشتيارانەی لەناو کارگەکانی ناوبراو کاریان کردوە زۆرترین بڕە موچەی داوە بە مەیتەر (بەخێوکەری ئەسپ)ەکانی کە بڕی 165 سکەی زیو بوە (بجندی و جمالی، 1400، 81) و ئەمە لەکاتێکدایە بەدەگمەن بەرچاو دەکەوێت ئەوکرێکار و سەرپەرشتيارانەی بۆ ئەم شاژنە کاریان کردوە حەقدەست و موچە بە دراو و سکە وەربگرن زۆربەی هەرە زۆریان خۆراك و دانەوێڵە و شەڕابیان وەك حەقدەست و موچە پێدراوە (کوك، 1383 و 158-159 )؛ (الذکر، 1396، 70).

فێربون و ڕاهێنانیان لەسەر ئەم جۆرە لە چالاکییە وەرزشی و سەربازیانە دەرفەتی بە ژنانی هەخامەنشی— دابو بۆ بەشداریکردن لە شەڕو ڕوبەڕوبونەوە سەربازییەکان هەروەها هاوەڵیکردنی پاشا لەکاتی ئەنجامدانی ئەوگەشتانەی بەمەبەستی ڕاو شکار دەیکردن، یەکێك لەو بەڵگەنامە گرنگانەی دەتوانێت پشت ڕاستی ئەوە بکاتەوە کە ژنانی هەخامەنشی۔ ڕاهێنانی وەرزشە سەربازییەکان و ڕمهاوێژی و ئەسپسواریان کردوە ئەو مۆرە لولەیەیی شاژنە ئێردەبامەیە کە ئەو مۆرە وێنەی ژنێکی سوارچاکی لەکاتی ڕم هاوێژیدا وێناکردوە (رجبی، 1382، 299-300)، هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی ژنان و هاوەڵیکردنی پاشا لە ڕاو شکاردا ئاماژە بەوەدەکرێت ژنان بەشدارێکی کارای ئەوگەشتانە بون کە بۆ پاشا ڕێکخراوە بە مەبەستی ڕاوشکار (مجیدی، 1396، 66) پیربریان بە پشت بەست بە ڕاپۆرتی کتریاس پێیوایە ئەو ژنە سوارچاکەی لەم مۆرەکەی هەڵکۆڵراوە وێنەی (رکسانە)ی خوشکی (تریتخمە)ی زاوای ئەردەشیری دوەمە(405-359پ.ز) کە کتریاس لە وەسفی خۆی سەبارەت بەم خاتونە نەجیبزادە پارسە دەڵێ: رکسانا خانمێکی زۆر جوان و کەمانکێشێکی لێزان و بەتوانا بو (1386، 605)، لەگەڵ ئەوەی مێژونوسانی یۆنانیش ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە ژنانی

هەخامەنشی. بەشداریان لەجەنگەکان داکردوە، لەو نێوەندەدا هیرۆدۆت باس لە شاژنێك دەكات بەناوی (ئارتمیس)[13] کە لە دوای مردنی هاوسەرەکەی کاروباری حکومەتی گرتۆتەدەست ئاماژە بەوە دەکات ئەم ژنە ئازا و لێزان بوە لەبواری سەربازی و فەرماندەی بەشێك لە هێزی دەریای خەشایارشا بوە و سەربازانی خۆی لە پێنج کەشتیدا کۆکردۆتەوە هێزی سەربازی ئارتمیس وەك بەهێزترین بەشی هێزی دەریایی خەشایارشا هەژمارکراوە (7,99)، ناوبراو فەرماندەیەکی باڵای خەشایارشابوە لە جەنگی (سلامیس) کە ساڵی 480پ.ز لە نێوان هەخامەنشی و یۆنانییەکاندا ڕویدا (اومستد، 1340، 344)، لەراستیدا هیرۆدۆت لە چەندین تەوەری پەرتوکەکەی ستایشی ئازایەتی (ئارتمیس)ی کردوە سەرەڕای ئەوەی چەندین ئاماژە و هێما هەن باس لە بەهێزی و بەشداریکردنی ژنانی هەخامەنشی دەکەن لە بواری سەربازی، بەڵام پێداهەڵدانی هیرۆدۆت بەم فەرماندە ژنە زیادەرەوی تێکەوتوە رەنگە هۆکارەکەشی بۆئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو خاتونە خەڵکی (هالیکارناسوس)بوە هەمان ئەو شارەی کە هێرۆدۆت تیایدا لە دایکبوە.

وێنەی هەڵکۆڵراوی سەر ئەم مۆرە تێڕوانینی چەند مێژونوسیتریش پشتڕاستدەکاتەوە کاتێك باسی لێزانی و ئازای ژنانی هەخامەنشیان کردوە سەبارەت بە ئاشنابونیان بە چالاکی و جوڵە سەربازییەکان سەرەڕای ئەو ژنانەی ناومان هێنان ئاماژە بە شاژنە پروشات (پریساتس) دایکی ئەردەشێری دوەمیش دەکرێت کە ژنێکی جەنگاوەر و چاونەترس بوەو بە هەمو هونەرەکانی جەنگ ئاشنا بوە و سوارچاك و شمشێرباز و گالیسکەڕانێکی لێزان بوە تەنانەت یەکێك لە کارە سەرنجراکێشەکانی ئەم شاژنە ئەوە بوە یەکەیەکی سەربازی لە ژنان دروستکردوە خۆشی هێندە بەهێز بوە لە کاتێك سواری ئەسپ دەبو سەربازەکانی لە پشتیەوە بەشێوەی مانۆڕی سەربازی لە دواوە لە جوڵەدابون (گل محمدی، 1389، 123-114)، نیشانەکانی سەر ئەم مۆرە و نیشاندانی ژنان لەکاتی ڕاوکردن و ڕم هاوێژی ئاماژەن بەشداریکردنی ژنان شانبەشانی پیاوان لە چالاکی و وەرزشە جەنگییەکان ئاماژەن بۆ یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاوان (صفاران و خیوگی، 1396، 29)، لەگەڵیشیدا هەندێکجار ژنانی هەخامەنشی خۆیان خاوەن شکارگا (شوێنی ڕاو)ی تایبەت بەخۆیان بون (ئازاد،2007، 62)، جێی ئاماژەپێدانە هەریەك لەو مۆرانە لەکات و شوێنی جیاجیادا بەکارهێنراون لەسەر بنەمای ڕەزامەندی خاوەنەکانیان لە تابلێتەکان دراون (hallack,1969,78).

ئەم مۆرانە یەکێك لە ئامرازە گرنگەکانی بواری کارگێڕی و سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەو ڕاپۆرت و فرمانانە بون شاژنانی هەخامەنشی. لەسەر ئەو تابلێتاتەیان داوە تایبەت بون بە خەرجی و داهاتی کارگە و زەویوزارەکانیان، زۆربەی زۆری ئەو تابلێتانەی باس لە دابینکردنی خۆراك بۆگەشتە جیاجیاکانی پاشان دەکەن مۆری شاژنانی کۆشکیان لەسەر دراوە ئەمە شاژنی خستۆتە ژێر بەرپرسیاریەتیەوە تا لە گەشتی پاشا هاوەڵی بکات و ئەرکی چاودێریکردنی ڕێکخستنی کارگێڕی گەشتەکەی لەڕوی خۆراکییەوە کەوتۆتە ئەستۆ (کخ، 1386، 190).

یەکێکیتر لەو مۆرە لولەیانە کە پێدەچێت نمایشی ڕێورەسمێکی ئاینی بێت(وێنەی ژمارە 5) وێنەی ژنێکە لەسەر تەختێك ڕوبەڕوی ئاگردانێکی پیرۆز لەسەر تەختێکی شاهانەی دانیشتوە، ئەم ژنە وێنای شاژن یاخود ژنێکی خانەدانی هەخامەنشی. دەکات شێوازی دانیشتنەکەی و کورسییە شاهانەی لەلایەك و وەستانی خزمەتکارێك لە پشتی کورسیەکەوە لەلایەك نیشانی دەدەن ژنێکی خانەدانە و خەریکی ئەنجامدانی ڕێورەسمێکی ئاینییە.

ئاگردانی پیرۆز و ڕێورەسمی ئاینی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ناو ئەو مۆرانەی هەخامەنشین کە ژنانیان تێدا نمایشکراوە لەوانەشە ئەم گرنگیدانە بەڕێورەسمە ئاینییەکان بۆ ئەو مافە ئاینیانە بگەڕێتەوە کە بە ژنانی هەخامەنشی. دراوە لەم بارەیەوە اومستد دەڵێ:لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی. ژنان بە بەرزترین پلەی ئاینیی گەیشتون کە بە (زوت) ناسراوەو[14] ئەمە باڵاترین پلەبەندی ئاییني بوە (1388:95).

وێنەی خزمەتکارەکەی بەبچوکتر نیشاندراوە لەڕوی قەبارەوە لە شاژنەکە ئەم شێوازە لە نیشاندانی خزمەتکارەکان لە شاژن مەبەست لێی نیشادانی پلەبەندی کۆمەڵایەتییە (Bakker,2007,214)، ژنانی شاهانە و خانەدان لەبەر ئەو

پێگە كۆمەڵایەتییە باڵایانەی هەیانبوە زۆر گەورەتر نیشـــاندراون بەبەراود بەو خزمەتكارانەی وێنەیان لەگەڵ شـــاژن كێشراوە كە ئەمەش تایبەتمەندییەكی هونەری هەخامەنشی بوە (ملك زاده، 1347، 103).
ڕوبەڕوی دەیان نمونەی ئەم نمایشـە و بە بچوكنیشـاندانی خزمەتكاران لە چەندین شـوێنی جیاواز لەسـەر دیوارەكانی تەختی جەمشـید دەبنەوە، كە لە پشـتی هەر پاشـایەك دەبینرێ، بەهەمانشـێوە بەگشـتی و لەچەند وێنەیەك كە ژنانی هەخامەنشی تێدا نیشاندراوە هاوەڵێك بە بچوككراوەی لە پشت یاخود پێش شاژنانی هەخامەنشیش دەبینرێ.
لێرنەر پێیوایە ئەم ژنەی لەسـەر ئەم مۆرە نەخشـێنراوە ناكرێ تەنها وا بناسرێ یەكێك لە شـاژنانی ناو كۆشـكی هەخامەنشـییە، بەڵكو دەكرێت ژنێكی خانەدانی دەرەوەی كۆشـك و لە خێزانە خانەدانەكانی تری هەرێمەكانی سـەر بە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی هەخامەنشی بێت(2010,154).



وێنەی ژمارە(5) مۆرێكی لولەی سەردەمی دەوڵەتی هەخامەنشی كە وێنەی ژنانی لەسەر هەڵكەندراوە (صفايي،1394، 122)

## 2.مۆرە تەختەكان

جگە لەو مۆرە لولەیانەی لەسـەرەوە ئاماژەمان پێكردن و نیشـاماندان كە وێنەی ژنانیان لەسـەر نەخشـێنراوە، چەند مۆرێكی دیگەی تەختمان هەیە هاوشـێوەی مۆرە لولەییەكان وێنەی ژنانیان لەسـەر هەڵكەندراوەو لەسـەر هەریەك لەو وێنانە دەتوانین كۆمەڵێ نهێنی سـەبارەت ژنانی هەخامەنشی۔ تێبگەین یەكێك لەو مۆرانە پیاوێك بە جلوبەرگی سـەربازی لەسـەر كورسـییەكی بێ پشـتی هاوشـێوەی هەمان ئەو كورسـیەی لە وێنەی ژمارە سێ دا نیشـانداوە دانیشـتوە لە بەرامبەریدا ژنێك بە جلوبەرگی ژنانەی هەخامەنشـییەوە دەبینرێ كوپێكی بەدەستەوەیەو بەرەو پیاوە سـەربازەكە هەنگاو دەنێت (جلیلیان و سیدعلی، 1390، 15) (بڕوانە وێنەی ژمارە شـەش) وا پێدەچیت هاوسـەری یەكتری بن خاتونەكە خەریكی خزمەتكردنی هاوسـەرەكەی بێ و ڕوی ژنەكە ڵخۆشی پێوەدەبینرێ پێدەچێت هەسـتی شـانازیكردنی لا دروست بوبێ لەبەرامبەر پێشـوازیكردن و خزمەتكردنی جەنگاوەرێك چونكە ژنانی هەخامەنشی۔ هانی هاوسـەرەكانیان داوە لە ڕوبەڕوبونەوە سـەربازییەكان بەشـداری بكەن و شـانازیان بە سـەربازبونی هاوسـەرەكانیانەوە كردوە (حجازی، 1358: 130)، لەم هەمانكاتدا ئاڤێستا[15]دا باس لە نزاكانی ژنان دەكات بۆ ئەوەی ببنە خاوەن هاوسەرێكی پاڵەوان و جەنگاوەر و لە دواتریشـدا ئاماژە بە ڕێزی ژنان بۆ هاوسـەرەكانیان دەكرێت (یشتها،رام یشت، ج2، 151-152)، لە حاڵەتێكی لەو جۆرەدا خزمەتكرن و پێشـوازیكردنیش لە جەنگاوەران بەتایبەتیش ئەگەر هاوسـەر بێت هەسـتی شـانازیكرنی بە ژنانی هەخامەنشی بەخشیوە.




(وێنەی ژمارە6) مۆرێکی تەخت  تیایدا ژنێکی هەخامەنشی خزمەتی پیاوێك دەکات کە جلوبەرگی سەربازی لەبەردایە (ویسهوفر،1377، 121)

وەك لەم وێنەیەو لە وێنەکانی تریش دەردەکەوێ ژنانی هەخامەنشی. بەگشتی جلوبەرگی درێژ و شۆڕبووەوەیان پۆشیوە و لەشانیان تا قاچەکانیانی داپۆشیوە هەروەها جلەکانیان قۆڵێکی درێژ و فراوانیان هەبوە و جلوبەرگەکانیان بە سادەی نەدوراوە، بەڵکو گنجدار و قات قات لەسەر یەکتر چینەکانی جلەکانیان لەسەر یەکتری وەستاون.

بەشی خوارەوەی جلوبەرگی ژنانی هەخامەنشی بەپێی ئەو وێنانەی بەردەستن و وەك بە گشتی لە مۆرەکاندا دەردەکەوێت، شێوە تەنورەی گنجدارە و تا پێکانیانی داپۆشیون بەرزبونەوەیەکی شێوە دیزاینکراو لە بەشی پێشەوەی ئەم جلوبەرگە تەنورەییانە دەبینرێ کە جوانییەکی بە جلوبەرگەکانیان پۆشیوە (شیرخانی، 1381، 28-30)، ژنانی هەخامەنشی جلەکانیان درێژ و گنجدار و فراوان بون ڕەنگاوڕەنگ بون و نەخش و نیگار لەسەر جلکانیان چنراوە بەتایبەت لە دامێنی جلوبەرگەکان یان سەرقۆڵەکانیان لەڕاستیشدا هەر ئەم نەخش و نیگار و ڕەنگاوڕەنگییە جلوبەرگی ژنانی لە جلوبەرگی پیاوان جیادەکردەوە (جلیلیان و سید علی، 1390، 8).

لە دو مۆری تاڕادەیەك هاوشێوەی یەکتری سەردەمی دەوڵەتی هەخامەنشی کە تیایدا وێنەی ژنانیان لەسەر هەڵکەندراوە و جلوبەرگی هاوشێوەی یەکتریان لەبەردایە، جلوبەرگەکانیان دیزاینکراو نەخشێنراو تاڕادەیەك فراوانن و هەردوکیان پەرچەمێکی هۆنراوەی درێژیان بە پشتدا بەرداوەتەوە لە وێنەی سەر مۆری ژمارە (7)گوڵێکی نیلۆفەری بەدەستەوەیە لە وێنەی سەرمۆری ژمارە (8) ژنێك دەردەکەوێ بەدەستی ڕاستی کاسەیەك و بە دەستی چەپی کوپێکی بەدەستەوە گرتوە ئەوەی لەم وێنەیەدا نیشاندراوە وێنەی ژنێکە لە حاڵەتی گواستنەوەی شلەیەکدایە (خسروی، 1398، 96)، هەرچەندە سەرچاوەکان باس لە شلەی ناو ئەو جامانە ناکەن لە دەستی ژنانی هەخامەنشی بەڵام بەگوێرەی ئەوەی باس لە ژمارەیەکی زۆر خزمەتکاری ژن لەناو کۆشکەکان و پاشا دەکرێت پێدەچێت ئەم ژنانە یان مەیگێڕبن بەتایبەتیش کاتێك دەبینین جلەکانیان سەرنجڕاکێشتر و سینگیان کراوەتر و تەسکترن بەبەراورد بە جلی ئەو ژنانەی تر کە لەوێنەکاندا نیشاندارون یانیش ئەگەر لەسەر بنەمای وێنەکانیتر لێکدانەوە بۆ ئەو جامانە بکەین کە زۆریان مۆرکی ئاینیان پێوەدیار بو دەتوانین گومانبکەین شلەی ناو جامەکان شلەی پیرۆزبێت.

لەبەرئەوەی هەخامەنشییەکان گرنگییەکی زۆریان بە ئارایش و کەلوپەل و کەرەستەکانی جوانکاری داوە دەکرێ ئەو زەیتە بوبێ کە بۆ ڕۆشنکردنەوەی پێست و پەرچەم بەکاریانهێناوە یاخود شلەیەکی بۆنخۆشکەر بوبێ چونکە ئاماژە بەوە

دەکرێت بنەماڵەی شاهانە تەنانەت بەبێ ئارایش و بۆنخۆشکردنی خۆیان بو جەنگ و ڕاوکردنیش نەڕۆیشتون (محمد، 1996، 255)

بەڵام ئەوەی ڕونە ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆر ژنی مەیگێڕ لە کۆشکی شاهانەیدا کاریان کردوە لەم بارەیەوە و یسەهوفەر ئاماژە بەوەدەکات حەفتا مەیگێڕی ژن لە خزمەتی داریوشی سێیەم (336-331)پ.ز دابون (1377، 62)، ئەگەرچی ئاماژە بە ناسنامەی ئەو ژنە مەیگێڕانە نەکراوە، بەڵام جگە لە وێنە هەڵکۆڵراوەکان ئەگەر تابلێتە گڵینە دۆزراوەکانی تەختی جەمشیدیش بکەینە بنەما دەتوانین لەوە بگەین کە ڕێژەیەکی زۆر لە ژنانی خزمەتکار لە ناوکۆشکی شاهانە مەیگێڕ بون(بجندی و جمالی، 1400، 85)




وێنەی ژمارە 7و8 دو مۆری تەخت کە لە تەختی جەمشید دۆزراونەتەوە (Dizaji,2021,593)

گوڵی نیلۆفەر کە چەندین تابلۆی هەخامەنشی دوبارە بۆتەوە کە ئەم گوڵە ئاماژەیەکی ئاینییە مۆرکێکی پیرۆزی پێدراوە لە ئەفسانەکانی ئێرانی کۆن لە هەمانکاتدا ئاماژەیەکە بۆ ڕەگەزی مێینە (دادور و منصوری، 1385، 271)، لەناو هونەری هەخامەنشی گوڵی نیلۆفەر زۆر بە فراوانی بەکارهێنراوە بەتایبەتیش لەسەر دیوارە هونەرییەکانی تەختی جەمشید ڕەنگیداوەتەوە ئەم گوڵە لە ناو هونەری هەخامنشیدا بە دو جۆر بەکاهێنراوە، یەکەم لەناو هونەری بیناسازیدا بەکارهاتوە بە جوانکاری و ڕازانەوەی کۆشك و پایەی تەلارەکانی تەختی جەمشید. دوەم لە دەستی ئەو پەیکەر و هەڵکۆڵراوە هونەریانەدا دەبینرێ کە لەسەر دیوارەکانی تەختی جەمشید و پارچە هونەرییە وردەکانی هاوشێوەی مۆر و وێنە کێشراوەکانی سەر کەلوپەلە جۆراوجۆرەکاندا هەڵکەندراون، بەگشتی ئەم گوڵە لە دەستی پاشایان و شاژن و خانەدانەکاندا دەبینرێ (درزی و اسماعیلی، 1399، 177)، لە ئاینی میترایشدا باوەڕ وایە کە مانگ لە ئاودا لە دایکبوە، دوای لەدایکبونیشی لەسەر پەڕەکانی گوڵی نیلۆفەر وەستاوە و لەنگەری گرتوە (بلخاری و قهی، 1388، 91)، ڕەگە ئاینییەکەی ئەم گوڵەش بۆ میسر دەگەڕێتەوە کاتێك لە باسی خوداوەند ڕەع[16] خوداوەندی خۆردا دەگوترێ لەسەر گەڵای گوڵی نیلۆفەر پشوی داوە، هەروەها پێیانوابو ڕەع لە ئاوە سەرەتاییەکان و لە دەرونی ئەم گوڵەوە لە دایکبوە لەگەڵ هەمو خۆرئاوابونێکیش خوداوەند ڕەع دەگەڕێتەوە شوێنی زادگای خۆی واتا سەر پەڕی گوڵی نیلۆفەر (ایونس، 1385، 55)،

هەربۆیەشە بەسەرنجدان لە هونەری ئێرانی کۆن،کێشانی گوڵی نیلۆفەڕ بۆ دوای داگیرکردنی میسرـ ساڵی 525پ.ز دەگەڕیتەوە لەلایەن کەمبوجیە (530-522پ.ز)، واتە بە کاریگەری میسرییەکان ئەم گوڵە لای هەخامەنشییەکان پیرۆزی پەیداکردوە (سوداور، 1386، 100)، هەروەها بونی ئەم گوڵە لەچەند هەڵکۆڵراوەیەك بەدەست داریوشەوە ئاماژەی پیرۆزی تایبەتمەندی ئەم گوڵەن، بێگومان هەر ئەم پیرۆزییە هۆکاری کێشانی گوڵی نیلۆفەڕە دەستی ژنانی خانەدان و شاژنانی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی، کە لە بەشێکی زۆر لەو مۆرانەدا بە دەستی ژنانەوە دەبینرێ.

لەگەڵ ئەمانەشدا سەرەڕای پیرۆزیەکەی دەرکرێت دەرکەوتنی ئەم گوڵە چەند هۆکاری تری جیاوازی هەبێت لەوانە:

1. کەشوهەوا و ژینگەی ئێران گونجاو لەبارە بۆ گەشەی ئەم گوڵە و لە بەشێکی زۆری خاکی ئێران تائێستاش گرنگی خۆی هەیە و خواستی زۆری لەسەرە.

2. جگە لە سەرنجراکێشیـ ئەم گوڵە لە ڕوی جوانیەوە کە بەچەندین ڕەنگی جیاوازی وەك سپی و سور و شین و زەرد بەردەستە و دەکرێ بۆجوانی بەکارهاتبێ، لە هەمانکاتدا دەکرێ بۆ چارەسەری پزیشکیش بەکارهێنرابێ بەتایبەت کاتێك سەرنجی چارەسەرییە پزیشکییەکانی ئەو ڕۆژگارە دەدەین سەرچاوەی دەرمانیان گەڵاوگوڵ و گژوگیا بوە. [17]





وێنەی گوڵی نیلۆفەر لە دەستی پاشایانی هەخامەنشی و هەڵکەندراو لەسەر دیوارەکانی تەختی جەمشید

سەرەڕای ئەو وێنانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکران لە چەندین مۆری تری دۆزراوەی تەختی جەمشید وێنەی ژنانیان لەسەر هەڵکۆڵراوە بە شکۆوە نیشادراون هاوشێوەی وێنەکانی سەرەوە لەسەر تەختی شاهانە دانیشتون و نمایشیـ هەمەچەشن نیشاندەدەن، (وێنەی ژمارە 9) مۆرێکی تەختە شاژنێکی هەخامەنشیـ بە جلوبەرگی ژنانی هەخامەنشییەوە نیشاندەدات لەسەر کورسیەکی هاوشێوەی کورسی پاشایانی هەخامەنشیـ دانیشتوە (ضیاپور، 1347، 64) ئەم مۆرە تەکنیکیکی کۆنی هونەری ئێرانی تێدا دوبارەکراوەتەوە کە بریتییە لە نیشاندانی وێنەی شاژن لەشێوەی خوداوەند ئاناهیتا (اشمیت، ١٣٧٥، ٣٩١)، هەروەها ئەو تاجەی لەسەر ئەم ژنە دانراوە ئاماژەیەکی ترە بۆ ئەوەی کە ئەم وێنەیە وێنەی ژنێکی شاهانەیە، بەگشتی ئەم تاجانە لە ئاڵتون دروستکرابون (نعیس، 218، 109)



(وێنەی ژمارە 9) وێنەی هەڵکۆڵراوی شاژنێکی هەخامەنشی لەسەر مۆرێکی تەخت (جلیلیان و سید علی، 1390، 16)

ئەم ژنەی لەم مۆرەدا هەڵکەندراوە تاجێکی لەســەردایە بەهەمانشــێوەی مۆرەکانی پێشــوتر بە دەســتی چەپی گوڵێکی نیلۆفەرِ بەدەســتیەوەیەتی و بە دەســتەکەیتری باڵندەیەکی گرتوە، جێی ئاماژەیە لە بەشــێکی زۆری وێنەی ژنانی هەڵکۆڵراوی سەر مۆرەکان ئاماژەیەکی ئاینی دەبینرێ ئاماژە ئاینییەکانیش یان ئاگردانی پیرۆز یاخود گوڵی نیلۆفەرە.

جلوبەرگی ئەم ژنە هەمانشێوەی ژنانی تر گنجدارو دیزاینکراوە لەسەرەوە تا پێکانی داپۆشیوە و هەماشێوەی ژنانیتر، کە نیشاندران شۆڕو شلن ئەم شێوازە دیزاینکراویە گنجداریە لە جلوبەرگەکانیاندا هۆکاربوە تا جەستەیان دەرنەکەوێت و فراوانبونێکی تەواوی بە جلەکان بەخشیوە لە هەمانکاتدا لە هەندێ لە وێنەکان جگەلە تاج گوارەو ملوانکە و ئامرازەکانی جوانکاری بە ژنانەوە دەبینرێ(dizaji,2021,594).

هەروەها مۆرێکیتری ژنانی هەخامەنیش بەردەستە کە نمایشی.ژنێکی خانەدان دەکان بەهەمانشێوە لەسەر کورسییەکی شاهانە بە شکۆوە دانیشتوە و باڵندەیەك پێشکەشی منداڵێك دەکات کە لەبەردەمی وەستاوە (بڕوانە وێنەی ژمارە 10) هەرچەندە بە دڵنیایی نازانرێ بونی باڵندە لەناو مۆرەکان و چ ئاماژەیەکی هەیە، بەڵام ئەمە سێیەمین وێنەی بەردەستە تیایدا باڵندە نمایشــکرابێت تەنها یەك توێژەر ئاماژەی بە باڵندەکانی ســەر وێنە هەڵکۆڵراوەکانی هەخامەنشیـ کردوە و پێیوایە تەنها بۆ کات بەسەربردن و یاریکردن ئەم باڵندانە بەکارهێنراون (مضاهری، 1373، 173)، ئاماژەیەکیتر کە لەم وێنەیەدا درکیپێدەکرێ پەروەردەکردن و گرنگیپیدان گەورەکردنی منداڵانە لەلایەن ژنانەوە، لەبەرئەوەی پاشــایان و پیــاوانی هەخــامەنشیــ بەردەوام لە جەنگــدابون پەروەردەکرن و گەورەکردنی منــداڵ کەوتبوە ئەســتۆی ژنــان (صــفایی،1394، 61)، هەر بۆیە دەگوترێ لە ناو کۆمەڵگەی هەخامەنشیـ ژنان ڕۆڵی کارایان گێڕاوە لە پەروەردەکردنی منداڵدا(محمد، 1996، 253)، بە جۆرێك منداڵ تا پێنج ساڵی لە ژێر چاودێری وردی دایکی دابوەو (بروسیوس،1387، 171)، هەوڵدراوە لەو ماوەیەدا ئەم منداڵە کەمترین بەریەك کەوتن و بینینی لەگەڵ باوکی هەبێ، بەو وتەی هێرۆدۆت ئەم نەبینینە لەلایەن بـاوکییەوە لە مـاوەی ئـامـاژەپێکراو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەحـاڵەتی مردنی منـداڵەکە نەبێتە هۆی پەرێشانی باوکی (1، 132).

جێی باســە ئەم پەروەردەیەی منداڵ لەلایەن ژنانەوە تا گەورەیش کاریگەری لەســەر پاشــایان ماوە، ئەمەش وایکردوە بەشــێکی زۆر لەپاشــایانی هەخامەنشیـ لەژێر کاریگەری خێزان و دایکەکانیاندا ماونەوە و کۆنترۆڵکراون، لەم نێوەندەدا دەتوانین ئاماژە بە خەشــایارشــا بکەین کە بەتەواوی لەلایەن ژنانی کۆشــکەوە کۆنترۆڵکرابو (-Stoneman,2015,61

62) جێی ئاماژەیە ئەم مۆرە دو ڕوی هەیە لە ڕوەکەیتریشی_ وێنەی پیاوێکی هەخامەنشی_ بەجلوبەرگی سـەربازییەوە لەگەڵ ژنێك بەجلوبەرگی هەخامەنشیەوە کیشراوە.



(وێنەی ژمارە10) مۆرێکی دوڕوی تەختی هەخامەنشی کە وێنەی ژنانی هەخامەنشی نیشاندەدا (کخ،1386، 97)

پێدەچێت ئەو دیوەی مۆرەکە کە وێنەی ژنە خانەدان و پیاوە جەنگاوەرەکەی لەسەر هەڵکەندرابێت ئاهەنگی هاوسەرگیری ژنێکی خانەدان و فەرماندەیەکی سەربازی بێت بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییەش ئەو منداڵەیە کە لە دیوی دوەمی مۆرەکە لەگەڵ دایکی دەبینرێت خەریکی بەسەربردنی کاتە، لەگەڵ منداڵەکەی لەڕێگەی ئەو باڵندەی لەدەستی دایکەکەدایە (Bakel,2021,11)، جێی ئاماژەیە هاوسەرگیری کچان و خوشکانی پاشا و خانەدانانی پارسی لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکان دیاردەیەکی باو بەربڵاوبوە لەناو دەوڵەتی هەخامەنشی ئەم وێنە دەتوانێت ئەم پرسە ڕۆشنتر نیشانی مێژونوسان و شوێنەوارناسان بدات، لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە هاوسەرگیری یەکێك لە فەرماندە سەربازییەکانی هەخامەنشی بەناوی (تسافیران) بکەین لەگەڵ کچی ئەردەشێری دوەم، ناوبراو بەوە ناسرابو، کە ئازاترین و دلاوەرترین فەرماندەی سەربازی سەردەمی پاشایەتی ئەردەشێری دوەم (404-358) بوە، لەبەرامبەر ئەو خزمەتە سەربازییە زۆرەی بە پاشای کردبو سەرەڕای چەندین دیاریی بەنرخ پاشا کچی خۆشی پێبەخشی بەمەش پێگەی تسافیران زۆر بەرز بۆوە ناسناوی (دۆستی پاشا)ی وەرگرت کە یەکێك بو لە پلە باڵاکانی ناو کۆشك (Diod.Library.14.26.4)، پاشایانی هەخامەشی بە ئامانجی بەهێزکردنی پێگەی سیاسی خۆیان سەرەڕای ئەوەی هاوسەرگیریان لەگەڵ چەندین ژنان و کچانی فەرماندە و خانەدانانی پارسی کردوە کردوە، وەك چۆن دەبینین داریوش هاوسەرگیری لەگەڵ (پرمیس کچی هوتانە) و (ئارتیستونەی کچی گوبریاس) کرد کە دو خانەدانی پارسی بون (شمس الدین، 1393، 81)، لەهەمانکاتدا داریوش دو خوشکی خۆی کردوە بە هاوسەری هوتانە و گوبریاس (ایمان پور، 1393، 586)، هەروەها هەر داریوش یەکێك لە کچەکانی خۆی بەناوی (ارتوزوستر) داوە بە کوڕی گوبریاس بەناوی (مەردونیە)، (ویسهوفر،112،1377)، مەردونییە یەکێك لەفەرماندەکانی سوپای هەخامەنشی بوە لە سەردەمی خەشایارشا (brosius,2007,38).

لەمبارەیەوە بروسـیوس نوسـیویەتی گەورەترین و بە بەهاترین دیاری پاشـا بۆ فەرماندە یان سـاترابێکی دڵسـۆز، پێدانی یەکێك لەکچەکان یان خوشـکەکانی خۆی بوە (1393، 109)، مێژونوسـان ئاماژە بەوە دەکەن دیاردەی هاوسـەرگیری

بنەماڵەی شاهانە و فەرماندە سەربازییەکان و ساترابەکان تا سەردەمی داریوشی سێیەمی دوا پاشای هەخامەنشی. درێژەی هەبوە وەك چۆن دەبینین یەکێك لە کچەکانی ئەردەشـێری دوەم بەناوی (سـیسی_ کامبیز) هاوسـەرگیری لەگەڵ فەرماندەیەکی باڵای باوکی بەناوی (ئارشـام)کرد کە ئارشـامیش نەوەی داریوشی دوەم (424-405پ.ز) کرد و بەرهەمی ئەو هاوسـەرگیریەش داریوشی سـێیەم (336-330پ.ز) دوا پاشـای هەخامەنشی. بو (مایکل برگن، 1390، 49-50؛ مجیدی، 1393، 64-65؛ قشـقای، 1390، 64)، لێرەوە دەتوانین لە پێگە و کاریگەری ژنانی هەخامەنشی. تێبگەین لە دروسـتکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییە سـیاسی و سـەربازییەکان، هاوسـەرگیریان لە لەگەڵ فەرماندە سـەربازی و ساترابەکان هۆکاری دروستبونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و کەمبونەوەی هەڵگەڕانەوە ناوخۆییەکان بوە لە هەرێمەکانی ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی هەخامەنشی، هەریەك لەم ڕۆڵانەش کە ژنانی هەخامەنشی. بینیویانە لە وێنە هەڵکۆڵراوەکاندا کەم تا زۆر نیشاندراون.

بەدەر لەو وێنانەی لەسـەر مۆرەکان هەڵکەندراون و نمایشی. شـکۆمەندی و پایە بڵندی ژنانی کۆشـکی هەخامەنشی. دەکەن یەکێکیتر لەو مۆرە تەختانەی پەیوندیدارە بە ژنانی هەخامەنشی_ وێنەی ژنێکی میوزیکژەنە کە تیایدا لە سـەر کورسییەك دانیشتوە و ئامێری قیسارە لێدەدات و لە تەنیشتیەوە وێنەی سەگێك کێشراوە بڕوانە (وێنەی ژمارە 11)



وێنەی ژمارە 11 مۆرێکی تەختی یەك ژنی هەخامەنشی لەکاتی میوزیك ژەنیندا (مجیدی، 1396، 152)

میوزیك ژەنی ژنان لە ئێرانی کۆن مێژوییەکی دێرینتری هەیە و لە ناو شارستانیەتیەکانی پێش هەخامەنشی. بەشێکی زۆری میوزیکژەنانی ناوکۆشـك ژن بون و لە دیارترین ئەو ئامێرانەی ژەنیویانە تەپڵ و چەنگ و نەی و قیسـارە بوە، (ویل دوراِنت، 2011، 614)؛ (حمید، 1400، 280)، سـەرەڕای چێژوەرگرتن لە میوزیك و هۆکارێکی شـادیهێن بۆ گوێگر، میوزیك وەك چارەسەرێکی پزیشکی دەرونی بەکارهاتوە لە بەشێك لە نەخۆشیە دەرونییەکاندا، بەجۆرێك لە بەشێك لە سـەنتەرە چارەسـەرییەکاندا کە هەندێ لەو سـەنتەرانە ناوەندی ئاینی بون و هەندێکیشـیان پزیشـکی، ژورێکی تایبەت بە ژنانی میوزیکژەن دروسـتکراوە لەو ژورانەدا میوزیـك بەشـێوەی جۆراوجۆر وەك چارەسـەری دەرونی دراوە بەو نەخۆشانەی دوچاری گرفتی دەرونی دەبونەوە (Elgood, 1951; 69)، سەرەڕای ئەوەش لە ئاڤێستادا باس لەوە کراوە میوزیك وەك ئامرازێکی ئارامبەخش بۆ کەمکردنەوەی هەندێ ئازار بۆ نمونە لەکاتی لە دایکبونی کۆرپە میوزیك لەلایەن ژنانە و لێدراوە بۆ کەم بونەوەو ئارامگرتنی دایکەکە (298،1387).

لەناو دەوڵەتی هەخامەنشیش خۆشبەختانە ڕوبەڕوی وێنەیەکی لەم جۆرە دەبینەوە ژنان خەریکی میوزیکژەنین (دریایی، 1386،56)کە دەتوانین لە ڕێگەیەوە وێنای ژنانی میوزیکژەنی ناو دەوڵەتی هەخامەنشی بکەین، شایەنی باسە میوزیکژەن و سەماکەرانی ناوکۆشکەکانی پاشایانی هەخامەنشی. زیاتر بوە بەبەراورد بە شارستانیەتیەکانی پێش خۆی، ژنانی خزمەتکاری ناوکۆشک زیاتر بریتیبون لە ژنانی سەماکەر و میوزیکژەن و گۆرانیبێژ، ئەم گروپە لە ژنان زیاتر وەك کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدەکرا، هەندێکیان دیلی جەنگ بون و هەندێکیتریشیان وەك باجی مرۆی ڕەوانەی کۆشکی شاهانەی هەخامەنشی. کرابون، چونکە بەشێك لەو هەرێمانەی لەژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی هەخامەنشی. بون کوڕان و کچانی لاویان وەك باج دەبەخشی. بە دەسەڵاتی ناوەندی لە نمونەی ئەو هەرێمانە دەتوانین ئاماژە بە حەبەشییەکان بکەین کە چوار ساڵ جارێك لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی داریوشی گەورەو و پاشایانی دواتر 500 کوڕ و کیژیان بە ناونیشانی (خواجە) دەنارده کۆشکی شاهانە ئەم کوڕ و کچانە پەروەردەی تایبەت دەکران و فێری مۆسیقاو سەماکردن دەکران تا لە میوانی کۆبونەوە کۆمەڵایەتیە جۆربەجۆرەکان ئامێری جۆراوجۆر بژەنن(بریان، 1377، 593)، مێژونوسێك لە کتزیاسی یۆنانییەوە دەگێڕێتەوە کە تەنها لە ئێوارە خوانێکی پاشای هەخامەنشی. و فەرماندەی هەرێمی بابلدا 150 ژنی میوزیکژن و گۆرانیبێژ ئامادەبون هەروەها باس لەوە دەکات بەشێکیان خەریکی میوزیك و ئەوانەی تریش ژنێك گۆرانی بەتەنها وتوە و گروپێك لە ژنانی تر بە کۆرس لەدوایان وتۆتەوە(Athenaeus,1854, 12/530) بەپێی گێڕانەوەکانی ئەم مێژونوسە بێت شێوازی ئاهەنگی ئەم ئێوارەخوانەکان هاوشێوەی ئۆکێستراپەك بەڕێوەچوە و گروپی ژنانی گۆرانیبێژ و میوزیکژەن تەواو ڕاهێنراو شارەزا بون.

هەر لەم بارەیەوە زەینەفۆن شاهێدی ئەو جۆرە ئاهەنگە شاهانەیانە دەدات و ئاماژەش بۆئەوە دەکات ئامانج لەم ئاهەنگانە شادی بەخشین بوە بە پاشایان، (Xenophon , book; IV,10-12)، ئەم جۆرە گروپی گۆرانیبێژ و میوزیکژەن و سەماکەرانی وەك دیاردەیەکی لێهاتبو لەناو هەموکۆشکی پاشایان و لە سەردەمە جیاجیاکاندا بەرچاو دەکەون وەك چۆن دەبینین لەدوای شکستی داریوش سێیەم لە شەڕی (کوکمیلا)لە بەرامبەر ئەسکەندەر (336-323پ.ز)دا، ئەسکەندەر لە کۆشکی ئەردەشێری سێیەمدا (320) ژن بەدیلی دەکەونە بەردەستی سوپاکەی کە هەمویان میوزیکژەن و گۆرانیبێژ بون (Athenaeus,1854; 13/608).

ژنانی هەخامەنشی. لە بەشێکی زۆر لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکان بەشداریانپێکراوە یەکێك لە بۆنە دیارەکان جەژنی لەدایکبونی پاشا بوە، ژنانی فەرمی پاشاو دایکە شا لەم بۆنەیە ئامادەییان هەبوە تا ئەوکاتەی لە ئاهەنگەکەدا کاتی مەینۆشین و ئاهەنگی میوزیکژەنی و سەماکردن هاتوە، لە دوای ئەم ئاهەنگانە ژنە پلە یەکەکانی پاشا ئاهەنگەکەیان جێهێشتوە تەنها ژنانی سەماکەر و میوزیکژەن ژنانی خزمەتکار و ژنانی نافەرمی پاشا بەمەبەستی دڵخۆشی پاشا و میوانەکان لەو کۆبونەوە کۆمەڵایەتیانە ماونەوە (بروسیوس، 1387، 126-127).

کێشانی ئاژەڵ و باڵندکانیش وەك دەرکەوتنی سەگێك لەو مۆرەداو باڵندەیەکی هاوشێوەی کۆتر لە مۆرەکانی تردا، نەریتێکی دێرینی شارستانیەنییەکانی ئێرانی کۆنە، لەهەمانکاتدا ئاماژەی گرنگی ئەو ئاژەڵانەیە بۆ ئەو ڕۆژگارە، هەر ئەم گرنگییەش هۆکار بوە هەندێ ئاژەڵ و باڵندە ببنە جێگەی سەرنجی هونەرمەندان و بە شێوەیەکی ئەندازەی وێنەی ئاژەڵ لەسەر دیوار و قاپوقاچاغ و مۆرو کەرەستە بەردەستەکانی تری ڕۆژانە بکێشرێن (عکاشة، 2012، 144)، جگەلە ئاژەڵە بەرهەمدارەکان سەگیش لە ئاینی زەردەشتیدا وەك یەکێك لەو ئاژەڵانە ناوی هێنراوە، کە پێویستە لەو ماڵانەدا هەبێ کە خاوەنەکەی بەدوای خۆشبەختی و بەرەکەتەوەیە بۆ خێزانەکەی، هەربۆیەشە سەگ وەك بەشێکی جیانەکراوە لە خێزانی ناوکۆمەڵگەی هەخامەنشییەکان دەهاتە ئەژمار(ویل دورانت، 2011، 608)، هەر بەپێی ئاینی زەردەشتی سەگ وەك ئاژەڵێکی پیرۆز لێی ڕوانراوەو بەپێی بیروباوەڕەکانی ئەم ئاینە لەلایەن خوداوەند (ئاهوراەمزدا) و دروستکراوە بۆ پارێزگاریکردن لە جوتیار و شوان و وەرزێران هەر کەسێك ئازاری بدات لەلایەن ئاهوراەمزداوە توشی سزادەبێت(سعید،

2023، 124-125). بۆیە دەكرێت هەر ئەم هۆكارە هاندەر بوبێ تا هونەرمەندان لەم مۆرەو چەندین داتاشراوەی تریش وێنەی سەگ و ئاژەڵە بەرهەمدارەكانی تر كە لە ئاڤێستادا ناویانهاتوە بكێشن.
ئەم وێنەیە جگەلەوەی دەریدەخات ژنان بەشداری بۆنەكۆمەڵایەتییەكانیان پێكراوە لەهەمانكاتدا نیشانیشمان دەدات كە ژنان هونەرمەند و لێزان بون لە ئامێرە میوزیكی و هونەرییەكان، هەرچەندە ئەو ژنانە لەوانەیە وەك ئامرازێك بۆ ڕازاندنەوەی ئاهەنگەكان و كاتبەسەربردن بەشداریان پێكرابێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە ڕەگەزێكی دابڕاو نەبون لە بۆنە كۆمەڵایەتییەكان، لەهەمانكاتدا مەڕاسیم و جەژنە ئایینەكانیش بێ میوزیك ئەنجام نەدراون بۆیە شتێكی ئاساییە ئەم ژنانە لە بۆنەئایینیەكان و لەناو پەرستگاكاندا میوزیكیانژەنی بێت.
وەك پێشتر ئاماژەمانپێكرد ئەم مۆرانە مۆركێكی ئاینیان پێوە بوە و بەپیرۆز سەیركراون هەر بۆیەشە لەسەر بەرد و كانزای بەنرخ هەڵكەندراون، سەرەڕای ئەو وێنانەی لەسەرەوە نیشانماندان كە هەریەكەیان لەسەر بەردی بەنرخ نەخشێنراون یەكێكیتر لەو مۆرە بەردەستانەی وێنەی ژنێ لەسەر هەڵكەندراوە لەسەر مستیلەیەكی ئاڵتونە (بڕوانە وێنەی ژمارە12)



(وێنەی ژمارە12)مۆرێكی تەختی هەخامەنشی لەسەر مستیلەیەكی ئاڵتون ( Curtis and Tallis 2005: 146)

وێنەی ئەم ژنەی لەسەر ئەم مۆرە هەڵكۆڵراوەش دەبینرێ بەهەمانشێوەی بەشێك لە مۆرەكانی تر ژنێكی هەخامەنشییە بەشكۆوە لەسەر كورسییەك دانیشتوە و گوڵێكی نیلۆفەری بەدەستەوە شێوازی دانیشتنەكەی ئاڕاستەی چاوەكانی بۆسەر ئەو گوڵەی بەدەستییەوەگرتوە پێدەچێت خەریكی پەرستش بێت، ئەم مۆرە سەرەڕای ئەوەی وەك بابەتی جوانكاری بەكارهێنراوە و مستیلەیەكی ئاساییە لە پەنجەكراوە و لەهەمانكاتدا كاروباری بازرگانی و كارگێڕیشی پێ ئەنجامدراوەو مۆری كەسی بوە شێوازی دانیشتن و كورسییە شاهانەكەی و جلوبەرگەكانی نیشانی دەدات ژنێكی شاهانەیی بوە.
ئەم مۆرە شێوە مستیلەییە وەك یەكێك لە نایابترین پاشماوە هونەرییەكانی تایبەت بە ژنانی هەخامەنشی سەیر دەكرێت، كە بەشێوەیەكی هونەری باڵا و ورد وێنەی ژنێكی لەسەر هەڵكەندراوە بە جلوبەرگێكی درێژی گنجداری هەخامەنشی تاجێكی لەسەرە و پەرچەمی هۆنیوەتەوە و بەشێكی لەژێر تاجەكەیەو بەشەكەی تریشی بەرەو پشت بەرداوەتەوە گوڵێكی بەدەستەكانیەوە گرتوە (صفایی، 1394، 93-94)، (بڕوانە وێنەی ژمارە12)، دێمز پێیوایە شێوازی دانیشتن و بۆنكردنی گوڵەكە لەلایەن ژنەكەوە دەریدەخات ژنێكی ناو پەرستگا ئاینییەكانە هەروەها پێیوایە وایە بەشێك لەو ژنانە لەلایەن باوەڕدارانەوە وەك فیدیە بەخشراونە پەرستگا(Daems,2001, 44)، ئەم جۆرە لە بەخشینەی

ژنانیش بە پەرستگا ڕەگێکی دیرینی هەبو ناو شارستانیەتیەکانی خۆرهەڵاتی نزیك و مێژوەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان (ویل دورانت، 2011، 220).

نوکتەیەکی گرنگ لە هونەری هەخامەنشی. تایبەت بە ژنان ئەوەیە بەشێك لە ژنانیان وانشانداوە خاوەن پێگەیەکی باڵا و بەرز و لە شێوەی خوداوەندە ژن (ئاناهیتا) نمایشکردوە، لە ڕاستیشدا ئەم جۆرە لە وێناکردنە نیشاندانی پێگەی باڵای ئەو ژنانەیە لە ڕوی ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە، زۆربەی زۆری ئەو وێنانەش مەبەست لێیان ژنانی کۆشکی شاهانەی هەخامەنشییە (شمس الدين، 1393، 110)

## ئەنجام:

لە کۆتایی خستەڕوی وێنەکان و شیکرنەوەیان بە چەند ئەنجامێك دەگەین کە لە چەند خاڵێکدا کورتیان دەکەینەوە:

1. هونەری هەخامەنشی بە پلەی یەك گوزارشتی لە دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی هەخامەنشی و بە گەورە نیشاندانی پاشایانی هەخامەنشی کردوە.
2. لە حاڵەتێکدا شارستانیەتییەك سەرنجەکانی چڕکردبێتەوە لەسەر چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی پرسێکی ئاسایی دەبێت لە وەها دۆخێکدا کەمتر هونەرمەندان خۆیان سەرقاڵی داتاشین و هەڵکۆڵینی وێنەی ژنان بکەن.
3. بە سەرنجدان لە تابلێتە دۆزراوەکانی ناو تەختی جەمشید دەردەکەوێت، کە ژنان ڕەگەزێکی هەرە دیاری چالاکییە جۆربەجۆرەکان ناو کۆمەڵگای هەخامەنشی بون، ئەمەش دڵنیایمان دەداتێ کە کەمی وێنەی ژنانی هەخامەنشی هەرگیز بەواتای دابڕینی ژنان نایات لە کۆمەڵگە و مانای کەمی ڕۆڵی ژنان نادات لەناو کۆمەڵگەی هەخامەنشیدا.
4. مۆرەکان دیارترینی ئەو کەلوپەلە هونەرییانەی ناو دەوڵەتی هەخامەنشین کە وێنەی ژنانیان لەسەر هەڵکۆڵراوە و ئەو کانزاو توخمانەی مۆرەکانیان لێدروستکراوە کانزاو بەردی بەنرخ بون، چونکە لە ئەسڵدا ئەم مۆرانە بە پیرۆز سەیردەکران بۆیە بەردە بەنرخەکانی وەك نەیزەك و کانزایەکی وەکو زێڕ لە دیارترین ئەو پێکهاتانە بون، کە مۆرەکانی لێدروستدەکران.
5. لەبەرئەوی زۆرێك لە ژنانی ناو کۆشکی هەخامەنشی خەریکی بازرگانی بون ژنانی کۆشك خاوەن کارگە و زەویوزاربون و ژنانی ئاسایش سەرپەرشتیار و کرێکار و پیشەگەر بون، بۆیە شتێکی ئاسایی دەبێت لە وەها حاڵەتێکدا بۆ ڕاست و دروستی و بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆیان مۆری تایبەت بەخۆیان هەبێ، لە مۆرەکانیشیاندا زیاتر وێنەی خۆیان هەڵکەندوە.
6. جگە لە نیشاندانی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری لە وێنەی سەر ڕوی مۆرەکان، بەشێکی زۆر لە مۆرەکان مۆرکێکی ئاینی پێوەلکێنراوە وەك ئاگردانی پیرۆز و خۆنمایشکردن لە شێوەی خوداوەندە ژن ئاناهیتا و کۆمەڵی سیمبولی ئاینیتری وەك گوڵی نیلۆفەڕ و ئاسمان و مانگ و ئەستێرەکان.

## سەرچاوەکان

اوستا، یشتها، نقد و تفسیر: پورداود، ابراهیم(1377)، جلد1+2، اساطیر: تهران.
اوستا: (1387)، کهنترین سرودهای ایرانیان، گزارش جلیل دوستخواه، تهران مروارید.
اورلی، دیمز: (1386)، تندیس گری و شمایل نگاری در ایران پیش از اسلام، ترجمه: علی اکبر وحدتی، تهران: ماهی.
اومستد، ا.ت: (1340)، تاریخ شاهانشاهی هخامنشی، ترجمه: محمد مقدمی، تهران: ابن سینا.
ایمان پور، وحمد تقی: (1393)، تاریخ سیاسی هخامنشیان، ج1 تاریخ جامع ایران: مرکز دائره معارف بزرگ اسلامی
ایونس،ورونیکا: (1385)، اساطیر مص، ترجمه: محمد حسین باجلانفرخی، تهران: علمی و فرهنگی
بانوشگفته، بانو: (1350)، نقش زنان در تارریخ و فرهنگ ایران، مجله هلال، شماره 117، صص 28-39.

بجندی،فرشته سادات حسینی و، جمالی، بهرخ: (1400)، مشارکت اقتصادی زنان در عصر.هخامنشی.با اسناد به الواح تخت جمشید، مجله: مطالعات ایران کهن، شماره دوم، صص68-101.

بلخاری قهی،حسن: (1388)، اسرار مکنون یك گل، چاپ دوم، ترجمه: یوسف مجید زاده، تهران: دانشگاه تهران.

برگن، مایكل: (1390)، اسكندر مقدونی فتح جهان، ترجمه: شیوا مقانلو، تهران: ققنوس.

بروسیوس، ماریا: (1387).زنان هخامنشي، ترجمه هایده مشایخ، تهران: نشر: هرمس.

بروسیوس،ماریل: (1392)، شاهانشاهی هخامنشی از كورش تا اردشیر اول،ترجمه: هایده مشایخ، تهران، ماهی.

بریان، پي یر: (1377)، تاریخ امپراتوری هخامنشیان از كوروش تا اسكندر، ترجمه مهدی سمسار، دو جلد، تهران: نشر زریاب.

بریان، پي یر: (1390)، میراث داریوش كبیر، ترجمه: زینب دریس محافی، تهران، زرین مهر.

بیانی، ملكزاده: (1352)، مهرها وســائل روزگاران كهن (شــاخه‌ای از تارخچه مهر در ایران، مهرها و كنده‌كاری ها-علت به وجود امدن مهر)مجله: هنر مردوم،شماره 133، صص 44-50)

پوربهمن،فریدون: (1386)پوشاك در ایران باستان،تهران: امیر كبیر.

پیرنیا، حسن. (1389)، تاریخ ایران قبل از اسلام، جلد 2،قم: انتشارات نیلوفرانه.

حجازی، بنفشه: (1385)،زن و تاریخ: بررسي جایگاه زن از عهد باستان تا پایان دوره ساسانیان، تهران: قصیده سرا.

خسروی،زهرا: (۱۳۹۸)، نقش و فعالیت اقتصادی زنان در دوره‌ی هخامنشیان، پایان نامه: دانشگاه فردوسی مشهد.

دادور، ابوالقاســم و عادله غربی: (1391)، مطالعه تطبیقی نقوش برجســته هخامنشیـ و ســاســانی در ایران، تهران: دانشــگاهه الزهراو پشوتن.

دادور،ابوالقاسم و منصوری،الهام: (1385)، درامدی بر اسطورهاو نمادهای ایران و هند در عهد باستان، تهران: دانشگاه زهرا.

درزی. فاطم و غلامپور و اســماعیلی، عبداله علی: (1399)، نمایندگی نیلوفر ابیو مطمون مشــترك در پهنه جغرافیای فرهنگی عصرــ هخامنشی و ساسانی، دوفصلنامه علمی-تخصصی زبان و ادبیات فارسی، سال سوم، شماره 5، بهارو تابستان 1399، صص 169-187.

دریایی، تورج. (1386)، زن در دوره هخامنشی، مجله: باستان شناسی و تاریخ، شماره: 2.

الذكر،مرضیه مشغول: (1393), برسی نقش زنان دوره داریوش اول هخامنشی.با توجه گل نبشتهای تخت جمشید،پایان نامه: دانشگاه ازاد اسلامی،واحد مرودوش.

رجبي، پرویز: (1384)آتوسـا در دانشـنامه ایران، جلداول، تهران: بنیاد دائره المعارف بزرگ اسـلامي،رسـاله دكترا، اسـاتید راهنما: بهمن فیروزمندی و شاهرخ رزمجو، اساتید مشاور: مارك گریسون وكمالالدین نیكنامی، دانشگاه تهران.

رجبی، پرویز: (1382)، هزارهای گمشده(هخامنشیان با روایت دیگر)، جلد2، تهران: توس

سوداور،، ابوالعلا: (1386)، فره ایزدی در ایین پادشاهان ایران باستان، تهران: نیز

شمس الدین بهارک: (۱۳۹۳)، نقش و جایگاه زن در اثار هنر هخامنشیان، پایان نامه: دانشگاه الزهرا.

شیرخانی، منیژه: (1381)، پوشش زنان ایرانی، اصفهان: بهار علم.

صـفاران،الیاس و خیزوگی، سـلماز: (1396)، جایگاه زنان دردوره هخامنشیـ بر اسـاس گل نبشـتها و الواح عیلامی تخت جمشـید، سـومین همایش علمی باستان شناسی ایران: ابان 1396: تهران صص 21-36.

صفایی،یزدان: (۱۳۹٤)، یونانی، تاثیرات آن در نگارش یونان تاریخ هخامنشی، پایان نامه: دانشگاه تهران.

ضیاپور، جلیل: (1343)، پوشاك باستان ایررانیان از كهن ترین زمان تاپایان شاهانشاهی ساسانیان، تهران: وزارت فرهنگ هنر

ضیاپور، جلیل: (1347)، پوشاك زنان ایران از كهن ترین زمان تا اغاز شاهانشاهی پهلوی، تهران: وزارت فرهنگ هنر

قشقای، حمید رضا: (1390)، گاهنمای تاریخ ایران، هخامنشیان، تهران: اوگان.

كاملی،فاطمه: (1400)، زنان پشــت پرده زنان پشــت رو، عوامل اعمال قدرت ســیاسی توســط زنان هخامنشیـ،مجله: پژوهش در تاریخ، شماره31، سال یازدهم،صص1-26.

حمید، كاویانی پویا: (1400)، مشــاغل و فعالیتهای زنان دردوره هخامنشیـ، مجله: تاریخ اجتماعی و اقتصــادی، ســال دهم، شــماره15، صص265-289.

کرتیس،جان:(1392)،جواهرات زیولات شخصی، امپراتور فراموش شده(فرهنگ،هنر وتمدن هخامنشی)، ترجمه: خشایارشا بهاری، تهران: فروزان روز.
کرتیس، جان: (1389)، بین النهرین وایران در دوران هخامنشنانی، ترجمه زهرا باستی، تهران.
کوك،جان مانوئل: (1383)، شاهانشاهی هخامنشی، ترجمه: مرتضی ثاقب فر، تهران: ققنوس.
کخ،هاید ماری: (1386)، از زبان داریوش، ترجمه: پرویز رجبی،چاپ چهاردههم، ناشر: کارنگ.
کلنز، ژان. (1384)، مقالات درباره زردشت و دینی زردشتی، ترجمه: احمد رضا قائم مقامی، نشرو پژوهش فرزان روز،تهران.
گریشمن، رومن: (1485)، ایران از اغاز تا اسلام، ترجمه: محمد معین، تهران علمی و فرهنگی.
گل محمدی،مقدم: (1389)، مروری بر پیشینه‌ی زنان ایران در دوران تاریخ، تهران: اقبال.
مجیدی،سهند(١٣٩٦)، برسی مقایسه‌ای وضعیت زنان در یونان باستان و ایران عصر هخامنشی، پایان نامه: دانشگاه تبریز.
مرادی، غیاث و ابادی، رضا: (1377)نبشتهای پارسی باستان، تهران: رودکی.
مضاهری، علی اکبر: (1373)، خانواده ایرانی در روزگار پیش از اسلام، ترجمه: عبدالله توکل، تهران: قطره.
ملازاده،مهدی. (1397)، اناهیتا و ایشتار در ایران باستان، نباتی: تهران.
مکنودی، لیلا: (1391)، مهرهای اداری در متنهای Q(متنهای سفر) در تابلتهای باروی تخت جمشید، تیز دکترا، اساهنما بهمن فیروزمندی و شاهرخ رزمجو، دانشگاه تهران.
شهبازی،علیرضا شاپور: (1389)، راهنمای مستند تخت جمشید، تهران: سفیران و فرهنگسرای میردشتی.
هرتسفلد، ارنست امیل. ( 1381)، یران در شرق باستان .ترجمه همایون صنعتیزاده. تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.
هینتس. والتر: (1384)، داریوش و ایرانیان،ترجمه: پرویز رجبی، تهران: ماهی.
هینتس،والتر: (1386)، شهریاری عیلام .ترجمه پرویز رجبی. تهران: ماهی.
ویسهوفر، یوزف: (1377)، ایران باستان از 550 تا 56 پس از ملاد، ترجمه: مرتضی ثاقب فر، تهران: ققنوس.
عكاشة، ثروت: (2012)، الفن الفارسی القدیم، الطبعه التاسعة، القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة.
محمد، جمیله عبدالكريم: (1996)، قورینائیة والفرس الأخمينيون (منذ انشا قوريني حتى سقوط اسرة باتوس)، بيروت: دارالنهضة العربية.
محمد سعيد، عماد عبدالقادر: (2023)، البيئة الطبيعية والمعريفة في ضوء النصوص الدينية الزرادشتية، گازی: دهوك.
نعيس، رسل اسعد: (2018)، دورة المرأة و مكانتها في الدولة الأخمينية 550-330ق.م، رسالة ماجستير، كلية التربية الأساسية، جامعة واسط.
باقر، تەها (2018) سەرەتايەك بۆ مێژوی شارستانییە دێرینەکان (شارستانیەتی دۆڵی نیل و چەند شارستانییەتێکی کۆن فارس-گریك-ڕۆمان)، وەرگێڕانی: عسمان عزیز و کەمال نوری مەعروف، سلێمانی: جمال عیرفان.
دورانت، ویل: (2011)، مێژوی شارستانیەت (خۆرهەڵات لانکەی شارستانیەت)، وەرگێڕان: عبداللە رسوڵی، سلێمانی: چوارچرا.
Athenaeus (1854), The Deipnosophists, Translated by C.D.Yonge,BOOK XII,XIII,Cambridge, MA: Harvard University.
Bakker,J. (2007), The Lady And Reprentation Of Women In The Achaemenid Empire, Ir. Ant. , 17: 207-220.
Briant, Pierre, 1985, “Don de terres et de villes: L'Asie Mineure dans le Contexte achéménide”, Revue des Études Anciennes 87 (1-2): 53-71
Brosius, M. (2007) , New Out Of Old Court Ceremonies In Achaememid Persia , Im: The Court And Society In Ancient Monarchies, Ed A. J. S. Soawfoth Cambridge: Cambrridge University Press.
Brosius, Maria, 1996, Women in Ancient Persia (559-331 BC ), Oxford: Clarendon Press.
Cameron, George:(1948), C Persepolis Treasury Tablets, Oriental Institute Publication, Vol.55,The University of Chicago Press, Chicago.

Curtis, John and Nigel Tallis (eds.), 2005, Forgotten Empire: The World of Ancient Persia, The British Museum Press.

Daems, Aurelie, 2001, “The Iconography of Pre-Islamic Women in Iran”, Iranica Antiqua 36: 1-150.

Dalton, O. M. (1964), The Treasure of the Oxus. With Other Examples of Early Oriental Metalwork, London.

Diodorus Siculus (first century B.C.E.), The Historical Library of Diodorus the Sicilian in Forty Books, Volume one: books 1-14, Giles Laurén (ed.), 2014, Sophron.

Dizagi,parvin ghorbanzadeh:(2021), pers Kadin giyim tarzinn tarihi baglamda incelenmesi,jornal of art andhuman, vol5,no2 pp578-598.

Elgood, Cyril (1951), A Medical History of Persia and the Eastern Caliphate: From the Earliest Times Until the Year A.D. 1932 (Cambridge Library Collection - History of Medicine) Reissue Edition, CAMBRIDGE AT THE UNIVERSITY PRESS.

Garrison, Mark, Margaret Cool Root and Charles Jones, 2001, Seals on the Persepolis Fortification Tablets, Volume I: Images of Heroic Encounter, Part 1: text- Part 2: Plates, Chicago: Chicago University Press

Goldman, B. (1992),womens robes the achaimenit era , Bulletin of the Asia Institute 5, pp. 83-103.

Hallock, Richard, 1978, “Selected Fortification Texts”, CDAFI 8: 109-136.

Henkelman, Wouter, 2003, “An Elamtte Memorial: The Šumar of Cambyses and Hystaspes”, In Wouter Henkelman and Amélie Kuhrt (eds.),Achaemenid History XIII: A Persian Perspective, Leiden: Nederlands Jnstituut voor het Nabije Oosten, pp.101-172.

Henkelman, Wouter, 2008, The Other Gods Who Are: Studies in ElamiteIranian Acculturation based on the Persepolis Fortification Texts, Leiden: Nederlands Jnstituut voor het Nabije Oosten.

Herodotus, (1920). Herodotus with an English Translation, The Loeb Classical Library, Trans. A. D. Godley. Cambridge, Massachusetts: Harvard University Press. http://www. iranicaonline. org/articles/ Amestri-gr.

Lerner, Judith A, 2010, “An Achaemenid Cylinder Seal of a Woman Enthroned”, In John Curtis and St John Simpson (eds.), The World of Achaemenid Persia: History, Art and Society in Iran and the Ancient Near East, London: I.B. Tauris & Co Ltd, pp.153-164

Llewellyn-Jones, Lloyd, 2010, “The Big and Beautiful Women of Asia: Picturing Female Sexuality in Greco-Persian Seals”, In John Curtis and St John Simpson (eds.), The World of Achaemenid Persia: History, Art

Plutarch, (1926). Plutarch's Lives, The Loeb Classical Library, Trans.

Millard, A.(1997) ḥtm. Pp. 324-25 in vol. 2 of New International Dictionary of Old Testament Theology and Exegesis, ed. W. A. VanGemeran. Grand Rapids: Zondervan.

Plutarch, (1926). Plutarch's Lives, The Loeb Classical Library, Trans. Bernadotte Perrin. Cambridge, MA: Harvard University Press.

Schmitt, R. (1989). “Amytis”, Enc. Ir., 1: 999. Available at: http://www.iranicaonline.org/articles/amytis-median-and-persian-female

Schmitt, Rüdiger, 1993, “Ctesias”, In Ehsan Yarshater (ed.), Encylopædia Iranica, Vol. VI, Fasc. 4, New York: Bivliotheca Press, pp. 441-446.

Society in Iran and the Ancient Near East, London: I.B. Tauris & Co Ltd, pp.165-176.

Stoneman, Richard. 2015, Xerxes: A Persian life, New Haven: Yale

Strabo, (1903). Geographia, Trans. H.C. Hamilton, Esq., W. Falconer, Cambridge, MA: Harvard University Press.
van Bakel, T. (2021) Ninurta defeats Asag as well as the Na Stones on Ancient Near East cylinder seals. Sint Pancras: self-published.
Xenophon, (1922). Anabasis, Trans. Carleton L. Brownson, Cambridge: Harvard University Press.
Xenophon, (2013), Anabasis, Translated by: Dakyns, H. G, Dedicated To Rev. B. Jowett, M.A.Master of Balliol College Regius Professor of Greek in the University of Oxford

## پەراوێزەکان.

1.تەختی جەمشید یاخود پرسیپۆلس پایتەختی سیاسی و کارگێڕی دەوڵەتی هەخامەنشی بوە بۆ ماوەی 200 ساڵ ئاوەدانبوە و پاشایانی هەخامەنشی فەرمانڕەوایان تیاداکردوە 7کیلۆمەتر دورە لە باکوری شاری مەردوش و بە دورس 57 کیلۆمەتر لە باکوری پارێزگای کرمانشان هەڵکەوتوە هەڵکەندراوە هونەرییەکانی سەر دیوارەکانی کۆشکەکانی تەختی جەمشید و ئەو تابلێتە مێخیانە لەم کۆشکامەدا دۆزراونەتەوە سەرچاوەی ڕەسەنی هەرە گرنگن بۆت {گەیشتن لە مێژو شارستانییەتی دەوڵەتی هەخامەنشی، بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە کۆشک و تەلارە شاهانەییەکانی تەختی جەمشید بڕوانە پەرتوکی (هاید ماری کخ(1386)، اززبان داریوش).
2. مێژوی ڕوداوە جۆربەجۆرەکان و ماوە و ساڵی فرمانڕەوای هەمو پاشاکانمان لە پەرتوکی گریشمن (ایران از اغاز تا اسلام) وەرگرتوە چونکە بەشێك لە توێژەرانی ڕای جیاوازییان لەسەر ساڵی فرمانڕەوای پاشایان هەیە و پەرتوکەکەی گریشمن یش وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لێی دەروانرێ لەلایەن مێژونوسانەوە.
3. ئەم پەیکەرە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوەو نەکەوتۆتە دەستی شوێنەوارناسان لە ڕاستیدا یاخود هەر دروستنەکراوە یان دەشکرێ نەدۆزرابێتەوە یان بە لەبەرئەوەی لە کانزای بەنرخی ئاڵتون بوە دەکرێ دزرابێ و تاڵانکرابێ.
4. ئارتیستونە: یەکێك بو لە کچانی کۆرشی گەورە و خوشکی ئاتوسا بوە و هاوسەرگیری لەگەڵ داریوشی گەورە کردوە ناوی لەناو ژمارەیەکی زۆر لە تابلێتەکانی تەختی جەمشیدا هاتوە و ئەم بەڵگەنامانە دەریدەخەن کە ئەم ژنە خاوەن چەندین کۆشکی گەورە بوە لە هەرێمەکانی سەر بەقەڵەمڕەوی هەخامەنشی و لە هەمان کاتدا هەر بەپێی ئەو بەڵگەنامانە دەردەکەوێ خاوەن سەرمایەکی گەورە بوەو خەرجییەکانی زۆر و زەمەندبون و میوانی گەورەی لە کۆشکی پاشایی لە بۆنە جیاکاندا ڕێکخستوە (Cameron,1042,214)
5. بۆ بینینی بەشێك لەو کەلوپەل و بابەتە جوانکارییە بەنرخانەی ژنانی هەخامەنشی بەکاریانهێناوە بڕوانە: (عكاشة،2012)
6. تەنها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت لە تەختی جەمشید وێنەیەکی زۆر بچوك و داخوراوی ژنێك دەبینرێ، کە بە بەستەری ناوەڕاستی تایەبی گالیسکەیەوە هەڵکەندراوە ئەم گالیسکەیە لەسەردیوارەکانی باکوری کۆشکی ئاپادانەوەیە، ئەم ژنە ڕوناکییەکی شێوە مەشخەڵی بەدەستەوەیە لە ژێرەوەش وەك ئەوەوایە بەکەمەرییەوە بەسترابێتەوە(شهبازی، 1389، 117).
7. ئەمە بیرۆکەو باوەڕێکی باوی ناو بەشێك لە توێژەرانی بواری مێژوە سەبارەت بە ژنانی هەخامەنشی. ئەم دەستە لە توێژەران پێیانوایە ژنانی هەخامەنشی لە کۆمەڵگە دابڕێنراون و لە سوچێکی ماڵدا هێشتراونەوە و تێکەڵی پیاوان و کۆمەڵگەش نەکراون، ئەم دەستە لە توێژەران زیاتر لە ژێر کاریگەری مێژونوسی یۆنانی کۆنن، بەڵام تەختەگڵینەکانی تەختی جەمشید کە دەتوانرێت وەك سەرژاوەی ڕەسەن بۆ تێگەیشتن لە ژنانی هەخامەنشی سەیربکرێن سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان شتێکی تر دەڵێن و ئاماژە بەوە دەکەن ژنان نەك هەر تێکەڵی کۆمەڵگە بون، بەڵکو شانبەشانی پیاوانیش کارو چالاکیان ئەنجام داوە (ئەمە بابەتێکی درێژەو زۆر پەیوەندیدار نییە بەو توێژینەوەی بەردەستمان بۆیە بە پێویستی نازانین زیاتر لەسەری بدوێین).
8.مۆر: ئامرازێکی کارگێڕی ئابورییە ڕەگێکی مێژوی دێرینی هەیە و سەرەتای دروستکردن و بەکارهێنانی بۆ هەزارەی شەشەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە سەرەتای دروستکرن و بەکارهێنانی بۆ شارستانیەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك دەگەڕێتەوە لەسەرەتا مۆری لولوی و دواتر تەخت لە بەرد و گڵ و دواتردار دروستکراون و زیاتر بە مەبەستی کارگێڕی و کاروباری ئابوری سودیان لیبینراوەو وێنە هەڵکەندراوەکانی ناویشی بەگشتی گوزارشت بوە لە بیروباوەڕی خاوەنەکانیان (Millard 1997: 2:324-25).
9. ئاناهیتا: ژنە خوداوەندێکی ئێرانی کۆن بوە ئەم خوداوەندە لە ئاڤێستادا باسی لێوە کراوەو ستایش کراوە، وەها پێناسە کراوە ئاناهیتا ڕێنمونیکەر و پارێزەری تەواوی ئاوی پاکی ڕوبارو کانیاوەکانی جیهانە هەروەها وەها وەسفکراوە کە خاوەن جوانییەکی باڵاو هۆشمەند و نیشانەیەك بوە بۆ پاکی و ئاوەدانی و ژیان و جوانی، بەرپرسی یەکەمی یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی ژیانە کە (ئاو)ە ئەم ژنە خوداوەندە پەرستگای تایبەت بەخۆی لە سەردەمی دەوڵەتی هەخامنشی بۆ دروستکراوە لەدیدی شوێنکەوتوانی ناوبراو جگە لە ئاوی پاك ڕزق و ماڵ و سامانیش لە دەستی ئەوە. بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئاناهیتا بڕوانە (ملازاده، 1397، 7-45)

[10]. مەبەست لە (PFS) کورتکراوەی (Persepolis Forification Seals) مەبەست لەو مۆرانەیە کە لە کۆشکەکانی تەختی جەمشید دۆزراونەوە.

[11]. ئەو تەختەگڵینانەی بە تەبلێتەکانی ئەرشیفی تەختی جەمشید ناسراون (Persepolis Treasury) پێشگری PTی بە پێش ژمارەکانیانەوە لکێنراوە.

12. گەلانی هیندو ئاریایی ســـەر بە خێزانی گەلانی گەلانی هیندۆ ئەوروپییەکان ئەمانە گەلانێك بون زیاتر لە خۆرهەڵات و باشـــوری ئێرانی ئەمرۆ بڵاوبونەوە ماد و هەخامەنشی ـ و پارتەکان لە گرنگترین ئەو گەل و شـارسـتانیەتیانەی ڕۆژهەڵاتی نزیکبون کە سـەر بە گەلانی هیند و ئاریاییەکان بون، بڕوانە(محمد رضا، عدلی:(2015)، نگاه به تمدن پیش اریایی و اریایی نخستین، تهران، ققنس)

13 ئارتمیس شـاژنی هالیکارث و کاریا بو لە ئاسـیای بچوك یەکێك لەفەرمانده دیارەکانی هێزی دەریایی هەخامەنشی ـ دەژمێردرێت ناوبراو لە جەنگی سالامیسی نێوان ئێرانی و یۆنانییەکان ساڵی 480پ.ز ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە بڕوانە: (Schmitt,2011)

14. باڵاترین پلەی ئاینییە لە ئاینی زەردەشتیدا کە ژنان پێیگەیشتبن بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم پلە باڵا ئاینییە بڕوانە ( اومستد، 1388:95).

15. ئاڤیستا: ناوی کتێبی ئاینیی زەردەشتییە کە، توێژەران و پسپۆڕانی ئەم بوارە تا ئیستا لە سەر مانای ناوی ئاڤێستا ڕێکنەکەوتون هۆکاری ئەم ڕێکنەکەوتنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە ئاڤیستادا باس لە مانای ئاڤێستا نەکراوە، هەروەها لە سەر بنچینە و ئەسڵی وشەی (ئاڤێستا) لەناو توێژەران بۆچونی جیاواز هەیە لە داتاشراوەی کێوی بێســتون کاتێك داریوش دەڵێ: (من بە گوێرەی دەســتوری ئابەشــتام حوکمڕانیم کردوە ) توێژەران بەشـێکیان دەڵێن مەبەسـت لە (ئابەشـتام) هەمان ئاڤێسـتایە، هەروەها پرۆفیسـۆر (گلدنر)ی ئاڤێسـتاناس دەڵێ ئەسـڵی ناوی ئاڤێستا لە (اندریاس)وەرگیراوە،کە بە مانای بنچینە و بنەڕەت دێــت هەندێك لە توێژەرانیش پێیانوایە بە مانای هۆشیاری و مژدەدەر دێت بۆ پەیڕەوانی ئەو ئاینیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کلنز، 1386: 45-71)

16.ڕەع: خوداوەندی خۆر خوداوەندی کۆنی میسرییەکان و خودای دروستکردنی ژیان و ژیانەوە بوە، لە هەمانکاتدا میسرییە کۆنەکان وەك خوداوەندی دادپەروەری ناساندویانە هەر بەپێی بیروباوەڕی میسرییەکۆنەکان ڕەع فەرمانڕەوای هەمو جیهان دەکات بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (باقر، 2018، 76-77).

17. لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مێژوی شیکاریە و ئیشکردنە لەسەر خوێندنەوەی بەشێك لەو مۆرانەی وێنەی ژنانی لەسەر هەڵکەندراوە، هەندێك لەو وێنانە هیماو هەمەجۆریان لەسەر نەخشێنراوە بۆیە لەهەندێك تەوەری توێژینەوەکە توێژەر تێڕوانینی خۆی لەسەر هەندێ لە هێماکان خستۆتەڕو، ئەم دو خاڵەی سەرەوە لەچوارچێوەی تێڕوانینی توێژەر و سەرپەرشتیاری توێژەر خراونەتەڕو.